گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/m3bayw54
ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 10/05/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 04/08/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/12/2025

# بنەماكانی تیۆری مۆرفۆسینتاكس لە زمانی كوردیدا 'لەژێر ڕۆشنایی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا'

**شەیدا فەرهاد سەعید[1] - سەڵاح حەوێز ڕەسول[2]**
salah.hawez@koyauniversity.org - Shaida.00314949@gmail.com
[1+2] بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــانی (بنەماكانی تیۆری مۆرفۆســـینتاكس لە زمانی كوردیدا 'لەژێر ڕۆشـــنایی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا)یە، هەوڵێكە بۆ ڕونكردنەوە و شـیكردنەوەی مۆرفۆسـینتاكس بەشـێوەیەكی جیاوازتر لەوانەی پێشـو، و دەرخســـتنی ئەم ئـاســـتە نوێیەی زمـانە لە قـاڵبێكی تردا، ئـامـانجمـان پڕكردنەوەی ئەو كەلێنە مەعریفیەیە، كە مۆرفۆســینتاكس لە زمانی كوردیدا هەیەتی، بۆ ئەم مەبەســتە كاریگەری و ڕۆڵ و ئەو گۆڕانكارییانەمان دەرخســتوە، كە مۆرفۆسینتاكس لە زماندا دەیاننوێنێ، تیایدا وەڵامی (مۆرفۆسینتاكس چییە) دراوەتەوە و ئەو بنەمایانەمان خستوەتەڕو، كە ڕۆڵیان هەیە بۆ ڕۆنانی ڕســتەی مۆرفۆســینتاكسی ـ هەروەها یەكێك لە بابەتە نوێیەكانی مۆرفۆســینتاكس لە زمانی كوردیدا ئاماژەكردنە بە (تیۆری مۆرفۆسینتاكس)، چونكە لە پێشودا ڕۆشنایی قەڵەمی نوسەرانی پێنەگەیشتوە، هەروەها تایبەتمەندیی مۆرفۆســینتاكس و كەرەســتە پێكهێنەرەكانی مۆرفۆســینتاكســمان باســكردوە، بەپێی پێویســت تیشــكمان خســتوەتە ســەر كەرەســتە پێكهێنەرەكان لە زمانی كوردیدا و بە نمونەوە ڕونمانكردوەتەوە، یەكێك لە تیۆرە گرنگەكانی زمان (ڕێزمانی بەرهەمهێنان)ی چۆمسكییە، ئێمەش ڕۆنانی ئەم ئاستەی زمانمان لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا نیشـانداوە، دواتر قۆناغێكی نوێتر لە ڕێزماندا پەرەیســـەند و تیۆری دەســـەڵات و بەســـتنەوە هاتەكایەوە، ئەمەش بوە هۆكارێك تا جێكەوتەی مۆرفۆسینتاكسی دروست ببێت و لێیبكۆڵینەوە و چەند نمونەیەك بەم تیۆرە شیبكەینەوە، دواتر چۆنیەتیی جوڵانی كەرەستەكانی مۆرفۆسینتاكس و سینتاكس نیشان دەدەین و جیاوازییەكانی باس دەكەین.
**كلیلە وشەكان:** تیۆری مۆرفۆسینتاكس، جوڵەی مۆرفۆسینتاكس، جێكەوتەی مۆرفۆسینتاكس، شوێنپێ.

# The Principal of the Theory of Morphosyntax in the Kurdish Language under the Light of Generative Grammar

Shaida Farhad Said[1] Salah Hawez Rasso[2]
[1+2]Department of Kurdish language, College of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**
This research, entitled “The Principal of the Theory of Morphosyntax in the Kurdish Language under the Light of Generative Grammar”, is an attempt to clarify morphosyntax in a way that differs from previous studies and to present this new linguistic level in a different format, Since the exact details and significance of morphosyntax in Kurdish language are still unknown, For this reason, we examined the function, impact, and modifications that morphosyntax makes to language, This study also provides a thorough answer to the question “What is morphosyntax?” and establishes the theoretical foundations necessary for explaining morphosyntactic structures, In addition, presenting "The Theory of Morphosyntax" in the context of the Kurdish language is a subject that has not yet been properly examined by earlier researchers, which is another innovative aspect of this study, Furthermore, we discussed the unique features of morphosyntax and its structural elements, emphasising the structural elements in the Kurdish language, and we explained it with examples, One of the key linguistic theories referenced in this study is Chomsky’s generative grammar, through which we have made this linguistic level in the form of generative syntax, A new stage in the development of grammar emerged, giving rise to the theory of authority and association, which in turn led to the formation of morphosyntax interfaces and the analysis of examples, This theoretical technique has been used to evaluate and analyse a number of examples. We are now done exploring the differences between morphosyntactic and syntactic structures and their dynamic interaction.

**Keyword**: Morphosyntactic Theory, Morphosyntactic Movement, Morphosyntactic Projection, Trace

**پێشەکی:**

مەبەستمان لە تیۆری مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا، نیشاندانیەتی وەک تیۆرێکی زانستی، نەک لایەنەکانی وەک: باسکردن و پێناسە و چەک و زاراوە، چونکە ئەم لایەنە بابەتی زۆری لەسەر نوسراوە، هەروەها لە ئێستادا مۆرفۆسینتاکس لە قۆناغی بونیەتی بە تیۆر(ۆ زانیاریی زیاتر بروانە: (2023) Galbraith ) تا دەبێت بە زانستێکی سەربەخۆ لە زماندا، هاوشێوەی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیک و پراگماتیک و...

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: بنەماکانی تیۆری مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا 'لەژێر ڕۆشنایی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، وەک توێژینەوەیەک لە لایەنێکی ڕستەی زمانی کوردی لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی خراوەتەڕو.

**ئامانج و بواری توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە نیشاندان و ئاشناکردنی تیۆری مۆرفۆسینتاکسە بە خوێنەری ڕێزمانی کوردی، هەروەها مەبەستمان دەرخستنی بنەما و تایبەتمەندییەکانی مۆرفۆسینتاکسە لە چوارچێوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوەی چۆمسکیدا؛ بواری ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسە.

**گرنگی و هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە سەردەمی ئێستادا زۆرینەیان گەیشتونەتە قۆناغی بەجیهانیبون، چونکە لێکۆڵینەوە لە هەر بوارێکی زمانێکدا بکرێت پێویستیی بە سەرچاوە و گەڕانی فراوان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە پەنا بۆ وەرگێڕان و ئاشنابون بە زانستی زمانە جیاوازەکانی دونیا دەبرێت و لەگەڵ نوێترین قوتابخانە و بیردۆز و تیۆردا مامەڵە دەکرێت، ئەم توێژینەوەیەش دەرخستنی لایەنێک و دیوێکی تری مۆرفۆسینتاکسیـ زمانی کوردییە پاڵپشت بە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە.

**کەرەستەی توێژینەوەکە:**

کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە دانە فەرهەنگییەکان و سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسیـ زمانی کوردی- کرمانجیی ناوەڕاستە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی- شیکاریمان پەیڕەو کردوە، بۆ خستنەڕوی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیـ لە زمانی کوردیدا.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زمانی کوردی- کرمانجیی ناوەڕاستدایە.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە سەرباری پوختە و ئەنجام و لیستی سەرچاوە، لە دو پار پێکدێت، پاری یەکەم تیۆرییە و دابەشبوە بەسەر پێنچ وەچەپاردا، لە وەچەپاری یەکەمدا بەشێوەیەکی کورت چیەتیی مۆرفۆسینتاکس دەردەخەین، هەوڵمان داوە لایەن و دەرئەنجامە نوێیەکانی ڕونکردنەوەی مۆرفۆسینتاکس باس بکەین و دەستپێک بێت بۆ توێژینەوەکە، لە وەچەپاری دوەمدا باسی تیۆری مۆرفۆسینتاکس دەکەین، ئەو بۆچون و لایەنگیریانە دەخەینەڕو، کە پشتگیریی مۆرفۆسینتاکس دەکات وەک ئاستێکی دیکەی سەربەخۆی زمان هاوشێوەی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و...، هەروەها ئەو هۆکارانە دەردەخەین، کە وا دەکات هاوشێوەی ئاستێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ بکەین، لە وەچەپاری

ســێیەمدا ئەو بنەمایانە باس دەکەین، کە دەبنە هۆی ڕۆنانی مۆرفۆســینتاکس، هەروەها لە وەچەپاری دواتردا (١-٤) تایبەتمەندییەکانی مۆرفۆســینتاکســمان لە چەند خاڵێکدا باس کردوە و نمونەمان بۆی هێناوەتەوە، لە کۆتا وەچەپاری پاری یەکەمدا باس لەو کەرەســتانەی زمانی کوردی دەکەین، کە بەشــدارن لە مۆرفۆســینتاکس و ڕۆڵ و ئەرک و کاریگەرییان دەردەخەین و نمونەیان بۆ دەهێنینەوە؛ پاری دوەم کارەکییە، لە سێ وەچەپار پێکدێت، لە پاری یەکەمدا باس لە پێکهاتە و ڕۆنانی مۆرفۆســینتاکس دەکەین لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، دوای ناســاندنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بەشێوەی کارەکی دەریدەخەین و نمونەی بۆ دەهێنینەوە، ڕۆڵی ئەم ڕێزمانە لە زمانی کوردیدا دەردەخەین، لە وەچەپاری دوەمدا باس لە جێکەوتەی مۆرفۆسینتاکس دەکەین لە زمانی کوردیدا، نمونەکان بە یاسای IP شیدەکەینەوە، دواتر لە وەچەپاری سێیەمدا جوڵانی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە زمانی کوردیدا دیاری دەکەین و ئەو گۆڕانکارییانە باس دەکەین، کە لە کردەی جوڵاندا ڕودەدات.

## پاری یەکەم:

### ١-١ مۆرفۆسینتاکس چییە؟

ئەم بابەتە لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکەی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و چۆنیەتیی کارکردنی ئەم دو پێکهاتە زمانەوانییە بۆ پێکهێنانی دانەیەکی دیکەی زمانەوانی دەکۆڵێتەوە، ئەم تێکچڕژان و دروستبونە نوێیەی زمانەوانی (مۆرفۆسینتاکس) "دارشــتەیەکی تێکچڕژاوی ئـاڵۆزی مۆرفێمەکـانی پێکهـاتەی مۆرفۆلۆژی و ســینتـاکســە، بەهۆی پەیوەنـدییە ســینتاکســییەکانەوە بەیەکەوە بەســتراون، ســەبارەت بە چەمکی مۆرفۆســینتاکس ئەوەیە، کە هەڵگری هەردو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسە لەنێو زانستی زماندا" (عەلی، ٢٠١٥: ٩٠)، لە هەمو زمانێکدا کۆمەڵێک بنەما و یاسا هەیە بۆ ڕیزکردن و دروستکردنی ڕستە، بنچینەکانی درستبونی ڕستە بە (بکەر، بەرکار، کار) دادەنرێت **(منداڵەکان چۆلەکەکەیان هەڵفڕاند.)**، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆسینتاکس و چڕکردنەوەی کەرەستەکاندا ڕستەکە دەچێتە چوارچێوەی وشەیەک **(هەڵیانفڕاند.)**، بەمەش ڕستەکە دەبێت بە مۆرفۆسینتاکس، سەرەڕای ئەوەی ئەم دو ئاستە تایبەتمەندی و خاسیەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام "سنوری نێوان وشەسازی و ڕستەسازی بە ڕادەیەک تێکچڕژاوە بەئاسانی لەیەکتر جیاناکرێنەوە و دیاریکردنی ســنوری نێوانیشــیان لە پرۆژەیەکی هاوبەشــدا یەکدەگرێت، ئەویش پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکسییە" (حمد، ٢٠٠٨: ٢٩)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە ئەم دو ئاستە تا ئەندازەی دروستبونی ئاستێکی نوێ بەیەکەوە گونجاون و لێک نزیکن، بەڵام سنوری نێوان مۆرفیمەکانی مۆرفۆسینتاکس و مۆرفۆلۆژی جیاکراونەتەوە، واتە ئەو مۆرفیمانەی بەشدارن لە دروستکردنی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی بەشدار نابن لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی.


کەرەســتەکانی دروســتکردنی ڕســتە لە فەرهەنگی زمانەوە ســەرچاوە دەگرێت و ئامرازەکان و کۆمەڵە جێناوەکان و گیرەکە ڕێزمانییەکان و...تاد بەشدارییی تێدا دەکەن، بەبێ ئەمانە نە ڕستە و نە مۆرفۆسینتاکس لەڕوی داڕشتن و لەڕوی ماناوە ناگەنە مەبەست و ئامانج، بۆیە "هەریەک لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس قاڵبیان بە جێکەوتەی چەسپاوەوە بۆ کەرەستەکانیان (فرێز بۆ جێکەوتەکانی قاڵبی ڕستە و مۆرفێمیش بۆ جێکەوتەکانی قاڵبی مۆرفۆسینتاکس) هەیە، کە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن و دەخرێنە ناو جێکەوتەکانەوە، بەم پێیە دروســتەی ڕســتە و دروســتەی مۆرفۆســینتاکس لەڕێگایی پڕکردنەوەی جێکەوتە چەسپاوەکانی قاڵبی ڕستە و مۆرفۆسینتاکسەوە بەرهەمدەهێنرێت، بەکارهێنانی زاراوەی مۆرفۆســینتاکس بەم واتا و چەمکە ئەوە دەگەیەنێت، کە مۆرفۆســینتاکس پێکهاتەیەکی ســەربەخۆیە و لە مۆدێلی ڕێزمانەکەشــیدا هاوشــێوەی ســینتاکس جێکەوتەیەکی ســەرەکی و دیاریکراوی هەیە" (والی، ٢٠٢٣: ٢٠٧-٢٠٨)، سـەرەڕای ئەمە مۆرفۆسـینتاکس وەکو ڕسـتە کاریگەری و بەکارهێنان و جێکەوتەی هەیە لە زماندا و گرنگە، بە مانایەکی

تر ''مۆرفۆسینتاکس دەرخەری پەیوەندیی نێوان مۆرفۆلۆژی (شێوەی وشە) و سینتاکس (ستراکتوری- ڕۆنانی ڕستە)یە، سەرنجی مۆرفۆسینتاکسی. ئەو دیاردەیە دەستنیشان دەکات، کە پەیوەندیی نێوان شێوەی وشە و ستراکتوریی ڕستە لە لایەنێکی دیاریکراوی زماندا ڕون دەکاتەوە'' (میراودەلی، ٢٠٠٧: ٧٣)، لە سەرەتادا باسی لێکنزیکی و پێکداچڕژاویی ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیمان کرد، کە بونی دو دەستە لە مۆرفیمەکانی ڕێککەوتن دەبنە سەرچاوە بۆ بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکس، هەروەها دروستبونی مۆرفۆسینتاکس هەنگاوەکانی دروستبونی ڕستە نابڕێت، واتە ''مۆرفۆسینتاکس نواندنی پێکهاتە سینتاکسییەکانە، واتا لە پێکهاتەیەکی سینتاکسیی دیکە دەکەوێتەوە، نەک ئەوەی خودی خۆی کەرەستەکانی ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە وەربگیرێ، هەر بۆیە هەنگاوەکانی پێکهاتەیەکی سینتاکسیی نابڕێت، بەڵکو لە پێواژۆکانی پاش سینتاکس/ ڕستەوە بەرهەم دێت'' (مەعروف، ٢٠٢٤: ١٣٣)، بۆ نمونە لە دارشتنی ڕستەی **(کوڕانی شاخ ئاڵایان هەڵکرد.)**، پێویستە چەند وشەیەکی فەرهەنگی و کەرەستەی زمانەوانیی بەشداری بکەن، بەڵام هەر ئەم ڕستەیە دەکرێت کورت بکرێتەوە و وشە فەرهەنگییەکانی وەک: (کوڕ، شاخ، ئاڵا) لاببرێن و تەنیا لە کاری ڕستەکە بە یارمەتی کەرەستە ڕێزمانییەکان بکرێت بە مۆرفۆسینتاکس **(هەڵیانکرد.)**، بەمەش مۆرفۆسینتاکس ''لەبری دەرخستنی تێکڕای کەرەستەکان هەوڵ دەدات ڕستە لە وشەیەکدا کورت بکاتەوە و ئەو وشەیەش هەمو پێداویستییەکانی ڕستەی تێدا بەدی دەکرێت و جێناوە لکاوەکان ئەرکەکانی ڕستە ڕادەپەڕێنن'' (حوسێن، ٢٠٢٣: ١١٦)، هەرچەندە لەڕوی ماناوە ڕستە فراوانتر و ڕونترە، بەڵام سەرباری ئاشکرابونی زانیاری دەربارەی کەرەستەکان لەڕێگای جێناوە لکاوەکانەوە ''لە مۆرفۆسینتاکسدا پاشگرەکانی کەس و کات و ناسراوی و نەناسراوی و... تاد بەدیدەکرێت، تەنیا بە دەربڕینی مۆرفۆسینتاکسێک دەتوانین کاتی ئێستا و ڕابردو دیاری بکەین و ژمارەی کەسەکان لەڕوی تاک و کۆوە دەستنیشان بکەین، کەواتە پۆلێنی مۆرفۆسینتاکسی لایەنەکانی کات و کەس و ژمارە درکپێدەکات، واتە شیکاری پۆلە مۆرفۆسینتاکسییەکان هەم مۆرفۆلۆژی و هەم ڕستەسازی لەخۆدەگرێت'' (brown& miller, 2013: 296)، بۆ نمونە هەر لە مۆرفۆسینتاکسی (هەڵیانکرد) تێدەگەین، کە لە کاتی ڕابردو زیاتر لە کەسێک (یان/ کەسی سێیەمی کۆ) کارەکەی ئەنجام داوە، بەڵام پێویستە بزانین دروستبونی مۆرفۆسینتاکس پەیوەندی بە هەمو ئەو کەرەستە و پێکهاتانەی ناو ڕستەوە هەیە، کە لەڕوی ڕێزمانییەوە بەکارهاتون، هەروەها تیشک دەخاتە سەر جۆرەکانی ناو و کار و ڕێکخستنی نیشانە ڕستەسازییەکان.

## ٢-١ تیۆری مۆرفۆسینتاکس:

تیۆرەکان ئامرازگەلێکی شیکارین بۆ تێگەیشتن و ڕونکردنەوەی بابەتێک، دەکرێت ڕای جیاواز لەم بارەیەوە هەبێت و توێژەران ببن بە چەند دەستەیەکەوە، بۆ نمونە ''لە ڕوانگەیەکی تیۆری و هەروەها دیدگایەکی بنەمادار بەو دیاردەیە، هەردو دیدگاکە لەخۆ دەگرێت، هەندێک لە توێژەران گرنگییەکی تایبەتیان لەسەر ئەوە داناوە، کە کام تیۆر بۆ ڕونکردنەوەی دیاردەیەکی ڕێزمانی (مۆرفۆسینتاکس) گونجاوە؟ لە کاتێکدا نوسەرانی دیکە لە پرسیارەکە دەکۆڵنەوە، کە کام هۆکار یان تایبەتمەندی کاریگەریی لەسەر دیاردەی مۆرفۆسینتاکسی هەیە؟ و چۆن دەتوانرێت ئەم کاریگەرییە هەژمار بکرێت؟'' (hinzelin, pomino, remberger, 2021: 2)، وەک ئەوەی دەڵێین مۆرفۆسینتاکس لە ئێستادا ئاستێکی سەربەخۆیە، چونکە ''مۆرفۆسینتاکس دروستەی فرێز و دروستەی ڕستەی کورتکراوەی تایبەت بە خۆی هەیە'' (برزۆ، ٢٠١٠: ٢٨)، ئەمەش وا دەکات سیفات و تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆی هەبێت و وەک لقێکی سەربەخۆ مامەڵە بکات، هەروەها ''مۆرفۆسینتاکس لەتەک سینتاکسدا پێکهاتەی ڕێزمانی کوردی پێکدەهێنن و ئەمیش

وەک سینتاکس خاوەنی پێکهاتە و دروستە و ئەرکی ڕێزمانیی خۆیەتی'' (حسەین، ٢٠١٢: ٩)، بەمەش مۆرفۆسینتاکس هاوشێوەی سینتاکس بەشێکە لە پێکهێنانی ڕێزمانی کوردی و پێکهاتە و ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە، وەک لە هێڵکاریی (١)دا ڕونی دەکەینەوە:




(فەرەج، ٢٠٢٤: ٢٤)

هێڵکاریی (١)، نواندنی فەرهەنگ و ئاستە سەرەکییەکانی زمان

جیاواز لەمانە ''تیۆری مۆرفۆسینتاکس پەیوەندیی بە لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکاری و گۆڕانی زمانەوە هەیە'' (Embick, 2008: 59)، بنەمای دروستبونی مۆرفۆسینتاکس تێکەڵبونی بنەماکانی وشەسازی و ڕستەسازییە، بە کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمای تایبەت و کورتکردنەوە و کرتاندندا تێدەپەڕێت و لە ئاستی ڕستەدا کورت دەبێتەوە بۆ فۆڕمی وشە، بەمەش یاساکانی ڕستە هەڵدەوەشێت و بکەر و کار ئاوێتەی یەکتر دەبن، بۆ نمونە: **(من دارەکانم چاند.)**، ڕستەیەکی سادەیە، لە بکەر و بەرکار و کار پێکهاتوە و هەریەک لە کەرەستەکان لە جێگای خۆیان دەرکەوتون، بەڵام ئەم ڕستەیە لە ئاستی مۆرفۆسینتاکسدا دەبێت بە: **(چاندمن.)**، لێرەدا گۆڕانکاری لە فۆڕمی کەرەسەتەکاندا دروست بوە، بۆ نمونە جێناوی سەربەخۆی (من) بوە بە جێناوی لکاوی (م)، هەروەها بەرکاری ڕستەکە هەر بەشێوەی کلیتیک دەرکەوتوەتەوە و کەوتوەتە کۆتایی ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکە (ن)، ڕەگی کارەکە وەک خۆی ماوەتەوە و بکەر و بەرکار بە کارەکەوە لکاون؛ کەواتە ''مۆرفۆسینتاکس بەشێکی سەرەکی و پێکهاتەیەکی سەرەکیی ناو مۆدێلی ڕێزمانی کوردییە، لەبەر ئەوە وەک ئاماژەی پێدرا مۆرفۆسینتاکس خاوەنی توخم و زانیاریی فەرهەنگیی خۆیەتی و بەمەش ئاخێوەری زمانی کوردی دو هەڵبژاردەی لەبەردەستدا دەبێت بۆ نواندنی زانیارییەکانی، ئەمەش ئەوە ڕون دەکاتەوە، کە مۆرفۆسینتاکس هاوتای سینتاکس لە فەرهەنگدا کەرەستە و یاسا و ڕێسای خۆی هەیە'' (فەرەج، ٢٠٢٤: ٢٥)، ئەم بەڵگە و ڕونکردنەوانە وا دەخوازن مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا وەک ئاستێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین.

لە تیۆری مۆرفۆسینتاکسدا هەر زمانێک بۆ دروستکردنی ئەم ئاستە سود لە هەردو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس وەردەگرێت، چونکە لە ئەنجامی لێکدانیان ڕستە دەچێتە فۆڕمی وشەوە، هەروەها ''تیۆرەکە پێشگریمانە دەکات، کە وشەسازی کەوتوەتە ژێر سنوردارکردنی ڕستەسازییەوە، هەر بۆیە وشەکان بەتەواوی دەچنە ناو ڕستەسازییەوە'' (Galbraith, 2023: 10)، ڕستەسازی بە یەکێک لە ئاستە باڵاکانی زمان دادەنرێت، کاریگەریی ئەم ئاستە لە دروستکردنی مۆرفۆسیتاکسدا بەسەر ئاستی وشەسازییەوە دەبێت، چونکە کەرەستە و پێکهاتەکانی ڕستە و مانای تەواویی ڕستەکە بڕیار دەدەن لە فۆڕمی وشەدا کەرەستەکان چۆن دەربکەون و چۆن سنوردار بکرێن بەتایبەتی کاری ڕستەکە، بۆ نمونە دەربڕینی **(ئاوی کارێزەکەیان گرتەوە.)** لە مۆرفۆسینتاکسدا دەبێت بە **(گرتیانەوە)**، بەڵام لە دەربڕینی **(ئاوی کارێزەکەیان خواردەوە.)**، لە مۆرفۆسینتاکسدا دەبێت بە **(خواردیانەوە)**، ئەمەش ئەو دەسەڵاتەیە، کە ڕستەسازی بەسەر وشەسازییەوە هەیەتی لە دروستکردنی مۆرفۆسینتاکسدا، بەم پێیە مۆرفۆسینتاکس دو کردە لەخۆ دەگرێت:

١-ئەو مۆرفیمانەی، کە گۆکردنی سینتاکسییان هەیە لە زماندا و بە مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە دانراون.


٢-کرداری ئاڵۆزی بەکلیتیکردنی ڕستەیە یان دەربڕینی ڕستەیە بە مۆرفیم و فرێزی کرداری. (حسەین، ٢٠١٢: ١٠)

مۆرفۆسینتاکس دەربڕینێکی کورت و پێکداچڕژاوە، بە هۆکارێکی لێکۆڵینەوە لە ڕێزمانی ناوەکی دادەنرێت، واتا ''تیۆری مۆرفۆسینتاکس لێکۆڵینەوەی پێکهاتەی ڕێزمانی ناوەکییە و لە کۆتاییدا سنوردارکردنی کۆمەڵێک کەرەستەی زمانە بە

کۆمەڵێک گۆڕانکاری''. (Embick, 2008: 59)، ئەو مانا فراوانەی لە ڕستەدا بەدی دەکرێت، لە مۆرفۆسینتاکسدا بەم شێوەیە نییە، ئەمەش بەهۆی فراوانیی بەکارهێنانی کەرەستەکان لە ڕستەدا، بەڵام لە مۆرفۆسینتاکسدا ئەو فراوانییە لە بەکارهێنانی کەرەستەکاندا نییە، بەمەش دەبێتە هۆی سنوردارکردنی کەرەستە و واتا، بۆ نمونە ڕستەی **(لاوێن پەنجەرەکەی شکاند.)**، هەروەها مۆرفۆسینتاکسی **(شکاندی.)**، لەڕوی ڕونیی واتا و زانیاریی زیاترەوە ڕستەکە فراوانترە، دەتوانین لە ڕستەکەدا زانیاریی زیاتر بخەینەڕو و بڵێین: **(لاوێن پەنجەرەکەی بە بەرد شکاند.)**، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆسینتاکسدا هەر دەگوترێت: **(شکاندی.)**، بێگومان لەم دەربڕینە مۆرفۆسینتاکسییە بەرکار لە شێوەی مۆرفی بەتاڵ (Ø)دایە.

## ٣-١ بنەماکانی ڕۆنانی ڕستەی مۆرفۆسینتاکس:

لە بنەمای ڕۆنانی هەر دیاردەیەک کۆمەڵێک کارتێکردن و گۆڕانکاری دروست دەبێت، جا ئەگەر لەو بنەمایەدا دو لایەن یاخود زیاتر بەشدار بون، گۆڕانکاری و ئەنجامەکان زیاتر و هاوبەش دەبن، وەک مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، کە بەبێ سنوربەزاندنی یەکتر بەشدار دەبن لە پێکهێنانی مۆرفۆسینتاکس، بۆ ئەوەی باشتر لە گۆڕانکاری و بنەماکان تێبگەین ئەوە باس دەکەین، کە مۆرفۆلۆژی ''ئەو ئاستەیە، کە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتی ناوەوەی وشە دەکات، واتە مۆرفۆلۆژی دیراسەی ڕۆنانی ناوەوەی وشەیە'' (فەتاح، قادر، ٢٠٠٦: ٧)، ئەم ئاستە لەوە وردە دەبێتەوە، کە پیتەکانی زمانەکە چۆن لێکدەدرێن و وشەکان دروست دەبن، هەروەها ئاستی سینتاکس ''لێکۆڵینەوەی چۆنیەتیی ڕێکخستنی وشەکانە لە پێکهاتەی فرێز و ڕستەکاندا''. (Radford, 1997: 272)، واتە دوای ڕیزبونی پیت و مۆرفیمەکان و دروستبونی وشەکان ئاستی سینتاکس بەرپرس و ڕێکخەری ئەو وشانەیە لە چوارچێوەی گرێ و ڕستەدا، بەمەش هەردو ئاست تەواوکەری یەکترن بۆ دەربڕین و گەیاندنی پەیامی ئاخێوەر بۆ گوێگر یاخود وەرگر، لەم بارەیەوە (رادفۆرد) دەڵێت: ''سیما و ڕوخساری مۆرفۆسینتاکس سیمایەکی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییە، تایبەتە بە هەریەک لەبارەی پێکهاتەی وشە و ڕێکخستنی ڕستەیی. (Radford, 1997: 265)، بەم تێکچڕژانەی هەردو ئاست بنەمای ئاستەکان ئاوێتەی یەکتر دەبن و پێکهاتە و سروشتی مۆرفۆلۆژی هاوشانی پێکهاتە و سروشتی سینتاکس ئاوێتەی یەکتر دەبن و بەشدار دەبن لە دروستبونی مۆرفۆسینتاکس، لە هێڵکاریی (٢)دا زیاتر ڕونی دەکەینەوە:




(محێددین، ٢٠١٣: ١٥٤)

هێڵکاریی (٢)، تێکچڕژانی هەردو ئاستی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس

ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاستەکاندا دەکرێت بۆ ڕۆنانی مۆرفۆسینتاکس بەپێی یاسا و بنەماکانی زمانەکە دەبێت و ''بەکلیتیککردنی کەرەستەکانی ڕستە واتای ڕستە بەرەو تێکدان نابات، بەمەش تەواوکەرەکانی کردار بە ناوەکی و دەرەکییەوە دەتوانن بەکلیتیک بکرێن و لەگەڵ دروستەی کردارەکەدا پێکەوە پێکهاتەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی بنوێنن'' (حسەین، ٢٠١٢: ٢٠- ٢١)، واتا کەرەستەکانی ڕستە گۆڕانیان بەسەردا دێت و بەپێی پێویستییەتیی کەرەستەکان بەکلیتیک دەکرێن بەسەر کرداری ڕستەکەوە، هەرچەندە ''لە مۆرفۆلۆژیدا ئەو کەرەستە مۆرفۆلۆژییانەی ئەرکی سینتاکسیی دەگێڕن، کە بە پۆلە داخراوەکان ناوبراون بە پێکهێنەری سەرەکی و کەرەستەی بنەڕەتیی دروستەی مۆرفۆسینتاکسیی دادەنرێن لە زماندا، ئەمە جگە لەوەی کردارە ئاڵۆزەکان بەشێکی زۆری دروستەی مۆرفۆسینتاکس

پێکدەهێنن" (سەرچاوەی پێشو: ١٠)، کەواتە مۆرفۆلۆژی و سینتاکس هاوبەشن لە دروستبونی ئاستی مۆرفۆسینتاکس و کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکان و کردارەکان (بەتایبەت کردارە ئاڵۆزەکان) هاوبەشی دەکەن و بە گۆڕانکارییەکان و کردەکانی توانەوە و کرتاندن و گونجاندن و تێچون و... ڕستەی مۆرفۆسینتاکس دروست دەبێت.

لە جێگۆڕکێ و ڕیزبونی کەرەستەکاندا گۆڕانکاری دروست دەبێت و مەرج نییە، هەمیشە کەرەستەکانی سینتاکس لە ئاستی مۆرفۆسینتاکسدا هەمان ڕیزبونیان هەبێ، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا هاوشێوەن:

ئەو (کوڕەکە، کچەکە، ئازاد) خوێندکارەکانی بانگ کرد./ بانگیکردن.

بەڵام لە هەندێک باردا گۆڕانکاری لە ڕیزبونی کەرەستەکاندا دروست دەبێت، لە خوارەوە بەشێوەی خشتە جیاوازیی ڕیزبونی کەرەستەکان لە هەردو ئاستدا ڕون دەکەینەوە:

| سینتاکس | | | مۆرفۆسینتاکس | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕستە | کەرەستەکانی ڕستە | شێوازی ڕیزبونی کەرەستەکانی ڕستە | مۆرفۆسینتاکس | کەرەستەکانی مۆرفۆسینتاکس | شێوازی ڕیزبونی کەرەستەکانی مۆرفۆسینتاکس |
| من نامەکانم نوسی. | من: بکەر<br>نامەکان: بەرکار/<br>م: بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.<br>نوسی: کار | S.O.V | نوسیمن. | نوسی: کار<br>م: بکەر<br>ن: بەرکار | V.S.O |
| من نامەکانم دەنوسی. | من: بکەر<br>نامەکان: بەرکار/<br>م: بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.<br>دەنوسی: کار | S.O.V | دەمنوسین. | م: بکەر<br>دە+ نوسی: کار<br>ن: بەرکار | S.V.O |
| من نامەکان دەنوسم. | من: بکەر<br>نامەکان: بەرکار<br>دەنوسم: کار | S.O.V | دەیاننوسم. | یان: بەرکار<br>دە+ نوسی: کار<br>م: بکەر | O.V.S |

خشتەی (١)، جیاوازیی ڕیزبونی کەرەستەکان لە ئاستەکانی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس

دوای وردبونەوە و زانینی گۆڕانکارییەکان لەنێوان سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس و جێگۆڕکێ و بەکلیتیکبونی جێناوە سەربەخۆکان و کەرەستەکانی تر، باشتر بۆمان ڕون دەبێتەوە، کە بنەمای ڕۆنانی ڕستەی مۆرفۆسینتاکس بە چ قۆناغێک و چەند قۆناغدا تێدەپەڕێت، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین بنەمای ڕۆنانی مۆرفۆسینتاکس لەم سێ خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١. هەڵبژاردنی مۆرفیمەکانی کەس (کلیتیک)، بۆ کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەیە لە مۆرفۆلۆژیدا.
٢. بەکلیتیککردنی ڕستەیە بەپێی یاساکانی شوێن لە سینتاکسدا.
٣. لەنێو یەکداتوانەوە و تێچونی دەنگەکان بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکان (ڕەشید، حەمەئەمین، ٢٠١٦: ٩٧)

بۆ نمونە لە بنەماکانی ڕۆنانی ڕستەی مۆرفۆسینتاکس ئەگەر کەس بێت دەیکەین بە کلیتیک، واتا وشەکان دەکەین بە مۆرفیمی کەسیی لکاو لە مۆرفۆسینتاکسدا، بەمەش "جێگۆڕکێی ناوخۆیی بۆ شیکاری کلیتیکەکان پێشنیاز کراوە، بەتایبەتی بۆ ڕێکخستنی کلیتیکە تایبەتەکان لە وشەسازی دەخرێنە ناو گرێیەکی کۆتاییەوە، کە دەبێت دواتر لەڕوی ڕستەسازییەوە جێگۆڕکێ بکرێت بەهۆی پێویستیی ناوخۆیی بابەتی وشەسازییەوە" (hinzelin, pomino, remberger, 2021: 4)، کەرەستەکانی ڕستە لەبری ئەوەی وەکو وشەیەک لە ڕستەکەدا هەبێت، دەیانکەین بە کلیتیک، ئەم کردەیەش لە زمانی کوردیدا زیاتر دەئاخنرێتە ناو کارەکەوە، هەروەها ئەگەر لە ڕستەکەدا شوێنێکی فیزیکی هەبو، لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکس گۆڕانی بەسەردا دێت و کورت دەکرێتەوە بە یارمەتی (ئێرە، ئەوێ، لەوێ...)، بۆ نمونە لەبری (لەژێر دارەکە، لەناو باخچەی ماڵەکە، لەنزیک بەنداوەکە...) دەڵێین: (لەوێ، لێرە، ئەوێ...)؛ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کار لەناو ڕستەدا لە زمانی کوردیدا، دەرخستنی کاتی ڕودانی کارەکەیە، لە مۆرفۆسینتاکسیـ **(ڕواندم)** کارەکە لەڕوی کاتەوە ڕابردوە، بەڵام لە مۆرفۆسینتاکسی **(دەیڕوێنم)** کارەکە لەڕوی کاتەوە ڕانەبردوە.

یەکێکی تر لە بنەماکانی ڕۆنانی ڕستەی مۆرفۆسینتاکس کردەکانی لەنێو یەکداتوانەوە و گۆڕان و تێچونی دەنگەکانە بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکان، یاخود لەم کردەیەدا دەبینین دەنگەکان تێدەچن، یان لە وشەکاندا هەندێک دەنگ دەسوێ و کورت دەکرێنەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئاساندەبڕین و ئابوریکردن لە زمانەکەدا، بۆ نمونە:

ئەو کتێبەکەی به من دا. ←—— دایمێ

کاتێک ئەم ڕستەیە دەکەین بە مۆرفۆسینتاکس کردەی (گۆڕان) لە لە دەنگەکاندا ڕودەدات، چونکە ئامرازی (بە) گۆڕاوە بۆ (ێ).

## ٤-١ تایبەتمەندییەکانی ڕستەی مۆرفۆسینتاکس:

هەر زمانێک تایبەتمەندی و خاسیەتی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەم تایبەتمەندییانە وابەستەی یاسا و بنەماکانی زمانەکەن، بێگومان هەر بەشێک و ئاستێکی زمانەکەش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بێگومان لە ئاستی مۆرفۆسینتاکسیشدا تایبەتمەندی و خاسیەتی دیاریکراو و تایبەتیی هەیە، بەهۆی ئەوەی مۆرفۆسینتاکس لە ئاوێتەبونی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس دروست دەبێت، ناکرێت تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی ئەم دو ئاستە فەرامۆش بکرێت، ئەمەش وا دەکات لە دەربڕینێکدا، کە لە فۆڕمی وشەدایە، واتای ڕستەیەک بگەیەنێت، بێگومان ئەم گۆڕانکاری و ئاوێتەبونە لەژێر تایبەتمەندی و خاسیەتی زمانەکەدا دەبێت، بەتایبەت تایبەتمەندیی ئەو کەرەستانەی، کە بەشدارن لە ڕۆنانی مۆرفۆسینتاکسدا، "لێرەدا مەبەستمان لەو تایبەتمەندییەی زمانی کوردییە، کە تێیدا بکەر و بەرکار و پێشناوەکان لە فۆڕمی پڕەوە دەبنە فۆڕمێکی لکاو و بەشێوەی نوسەک/ clitic جێگیر دەبن، لەڕوی تایپۆلۆژییەوە لکاو و تێکچڕژاون/ poysynthetic واتا دروستەی ڕستەکانیان لە ئەنجامی ڕیزبونی ئارگیۆمێنتەکانی بکەر و کردار دەبێت بەشێوەی نوسەک/ clitic لە دروستەی وشەیەکدا دەنوێنرێت و واتای ڕستەیەکی تەواویان هەیە" (عەزیز، ٢٠٢٣: ٢٣٠)، ئەمە یەکێکە لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا، کە تیایدا کەرەستەکان لە فۆڕمی وشەی سەربەخۆوە دەگۆڕێت بۆ نوسەک و لکاو، تەنانەت ژمارەی کەس و کات لەخۆیدا هەڵدەگرێت و بەشێوەی کلیتیک دەریدەبڕێت، ئەم کارلێکەی ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی "پەیوەندە بە فۆڕمی وشەوە، کە بەپێی شوێن و جۆری ئەرکییەوە لە ڕستەدا گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نمونە گۆڕینی فۆڕمی کردار بەپێی دەمکات و کەسەکانی یەکەم و دوەم و سێیەم، تاک و کۆ، هەمو گۆڕانەکان لەژێر کاریگەریی سینتاکسدا ڕودەدەن" (قادر، ٢٠٠٣: ١٩)، بەڵام یەکێک لە

تایبەتمەندییەکانی مۆرفۆسینتاکس ئەوەیە، کە بەراورد بە ڕستە زانیاری و واتای لێڵە و هاوشێوەی ڕستە مانای ورد و ڕون بۆ گوێگر دەرناخات، بۆ نمونە:

-دوێنێ لەژێر دارەکەدا، منداڵەکان کتێبەکەیان دەخوێندەوە.

لەم ڕستەیەدا ئاخێوەرکات و شوێنی ڕوداوەکە بە ڕونی باس دەکات، هەروەها کەسەکان و ئەوکارەی، کە کەسەکان ئەنجامیانداوە باس دەکات، بەڵام ئەگەر ئەو ڕستەیەی سەرەوە بکەین بە مۆرفۆسینتاکس، دەبێت بە: **(لەوێ دەیانخوێندەوە.)**، لەم دەربڕینەدا هاوشێوەی ڕستەیەکی ئاسایی، شوێنی ڕوداوەکە باسکراوە، بەڵام زانیارییەکی تەواو ڕونی نییە، واتا دەکرێت ئاخێوەر (لەوێ) بە (ژێر دارەکە، نزیک دارەکە، سەر دارەکە...) تێبگات، هەروەها کاتی ڕودانی کارەکەمان بە خوێندنەوەی کاری **(دەیانخوێندەوە)** بۆ ڕون دەبێتەوە، چونکە بۆ دارشتنی کارەکە سود لە قەدی چاوگی (خوێندن) وەرگیراوە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کارەکە لە ڕابردودا ڕویداوە، بەڵام نازانین ئایا کاتژمێرێک پێش ئێستا بوە یان دوێنێ یاخود چەند خولەکێک پێشتر، هەروەها بەهۆی جێناوی لکاوی (یان) دەردەکەوێت، کە بکەری ڕستەکە کۆیە و باس لە کەسی سێیەم دەکات، بەڵام نازانرێت ئایا کەسەکان منداڵن یاخود گەنجن، کەواتە گۆڕانی ڕستەکە بەپێی یاساکانی زمانەکە دەبێت و ''هەر دانەیەکی ئاستی مۆرفۆلۆژیی زمان بە مەبەستی تەواوبونی یاخود بنیاتنانی پرۆسەی زمان لەژێر کاریگەریی ئاستی سینتاکس گۆڕانی بەسەردا دێت، بەمەش ئاستی مۆرفۆلۆژی کەرەستە جۆراوجۆرەکانی لە (مۆرفیم، گیرەک، وشە) دەکەونە ژێر کاریگەریی ئاستی سینتاکس و پەیوەندییەکی ڕێکوپێک بەپێی یاسایەکی دیاریکراو لە ڕۆنانی فرێز و وشە و ڕستەدا دروست دەکەن'' (محێددین، ٢٠١٣: ١٦٣)، بەهۆی ئەوەی لە زمانی کوردیدا کار دەسەڵاتی بەسەر ڕستەدا هەیە، کەرەستەکانی تر دەکەونە ژێر کاریگەریی کارەکە، واتا کاری ڕستەکە کەرەستەکانی تری وەک مۆرفیم و گیرەک و وشە دیاری دەکەن، بێگومان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆرفۆسینتاکسیش وەرگرتنی کاری ڕستەکە و لکاندنی مۆرفیم و نوسەکە پێویستەکانە پێوەی، هەروەها ''مۆرفۆسینتاکس، کردارێکی کات و کەسداری لەناودایە'' (مەحوی، ٢٠١٦: ٣٦٩)، ئەمەش وا دەکات زۆرترین زانیاری لە دەوری کاردا کۆببێتەوە، واتا لەڕێگای کارەوە کاتی ڕودان و کەسەکان ڕون دەبنەوە، سەرەڕای ئەمانە چەند تایبەتمەندییەک هەن لە دەوری مۆرفۆسینتاکسدا کۆدەبنەوە و پێیەوە پەیوەندن، لە خوارەوە تایبەتمەندییەکانی مۆرفۆسینتاکس بە چەند خاڵێک باس دەکەین:

١. لە قاڵبی وشەیەکی ئاڵۆز و لێڵدان و زیاتر لە واتا و مەبەستێک بەدەستەوە دەدەن.
٢. دەربڕینی ڕستەیە بە مۆرفیم و فرێزی کرداری.
٣. هێز و ئاوازی دەربڕین ڕۆڵی خۆیان لە دیاریکردنی مانای مەبەستداردا دەبیننەوە.
٤. جگە لە پێکهاتەی کردار و جێناوە لکاوەکان کەرەستەی دیکە لە ڕۆنانیاندا بەشدار نییە.
٥. سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئابوریکردنن لە نوسین و ئاخاوتندا.
٦. لەنێو یەکداتوانەوەی دەنگی هاوشێوە و تێچونی (ت)ی بەشێک لە جێناوەکان هۆکاری سەرەکیی هاوسیمابونە تێیاندا.
٧. دەگونجێت تاکە دروستەیەک دو کاتی جیاواز (ڕابردو و ڕانەبردو)، یان دو کەسی جیاواز بگەیەنێت.

(ڕەشید، حەمەئەمین، ٢٠١٦: ٩٧)

بۆ نمونە مۆرفۆسینتاکسی- **(هەڵیان دایەوە)**، لە چوارچێوەی وشەیەکی ئاڵۆزدایە و لەڕوی ماناوە لێڵە، چونکە زیاتر لە مەبەست و واتایەک دەردەبڕێت، دەکرێت مەبەست لێی ئەمانە بێت:

-منداڵەکان تۆپەکەیان هەڵدایەوە./ پیاوەکان گۆڕەکەیان هەڵدایەوە.

ئەم دەربڕینانەی، کە بەشێوەی ڕستەن، دوای ئەوەی دەچنە قاڵبی مۆرفۆسینتاکسەوە تەنیا فرێزی کرداری و مۆرفیمە پێویستەکان دەمێننەوە، مۆرفیمەکانیش جێناوە لکاوەکان دەگرنەوە، کە بە ڕەگی کارەکە یاخود قەدی کارەکەوە دەلکێن، لە مۆرفۆسینتاکسدا هێز و ئاوازە ڕۆڵی هەیە لە دیاریکردنی مانای دەربڕینەکە، هەروەها دەکرێت لە مۆرفۆسینتاکسدا بەتەنیا لە دەربڕینێکدا کاتی ڕابردو و ڕانەبردو هەبێت، بەڵام دیســـان بە هێز و ئاوازە کاتەکە جیابکرێتەوە، بۆ نمونە: **(دەتبینین)**، ئەم مۆرفۆسینتاکسە زیاتر لە مانایەکی هەیە:

-تۆ ئەوانت دەبینی؟/ دەت'بینین.

-ئێمە تۆ دەبینین./ دەتبینین'.

ئەگەر هێز بخەینە ســـەر بەشی یەکەمی دەربڕینەکە و ئـاوازی دەربڕینەکە بکەین بەشـــێوەی پرســـیاری ئەوا مۆرفۆسینتاکسەکە دەبێت بە پرسیاری و کاتی ڕابردو، بەڵام ئەگەر هێزی دەربڕینەکە بخەینە کۆتایی مۆرفۆسینتاکسەکە و بەشێوەی گەیاندن دەریببڕین، ئەوا دەبێت بە مۆرفۆسینتاکسێکی هەواڵی و کاتی ڕانەبردو.

### ٥-١ کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە زمانی کوردیدا:

ڕســـتە لە زمانی کوردیدا ســـەرەڕای کەرەســـتە پێکهێنەرەکان لە بکەر و کردار لە کاری تێنەپەر پێکدێت و لە کاری تێپەڕیش بکەر و بەرکار و کردار پێکهێنەرن، ئەم ڕســـتانە بە هاوکاریی کەرەســـتە مۆرفۆســـینتاکســـییەکان پێکدێن، واتا مۆرفۆسینتاکس کۆمەڵێک کەرەستەی تایبەت بە خۆی هەیە، لێرەدا باس لە کەرەستە پێکهێنەرەکان و ڕۆڵیان دەکەین:

**ناو**: لەم بەشـەی ڕسـتەدا (فرێزی ناوی) بە لایەنی کەم ناوێک و کەرەسـتە مۆرفۆسـینتاکسـییە ناوییەکان بونی هەیە، بە واتایەکی تر ''فرێزی ناوی لە دروســـتەی ڕســـتەدا کۆمەڵێک لە کەرەســـتە مۆرفۆســـینتاکســـییەکان وەردەگرێت، ئەم کەرەســـتانەش تایبەتن بە دروســـتەی فرێزی ناوی، وەک: مۆرفیمەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ، خســـتنەســـەر، خاوەنیەتی، بانگکردن)، کە هەمیشـە وەکو کەتیگۆرییەکی مۆرفۆسینتاکسی- تایبەتن بە پۆلی ناو'' (برزۆ، ٢٠١٣: ٢٣٣)، ئەگەر ناو لەم پۆلە مۆرفۆسـینتاکسـییانە دابڕێنین، ئەوا وەک وشـەیەک سـەربەخۆ و وشـەیەکی فەرهەنگی دەمێنێتەوە، واتا ئەو کاریگەری و واتایەی لە ڕستەدا و بە یارمەتی ئەو کەرەستانە هەیەتی، لە چوارچێوەی وشـەیەکی فەرهەنگیدا بەو جۆرە نییە، لە خوارەوە ئەو کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییانە بە نمونەوە دەخەینەڕو، کە لە فرێزی ناویدا بەشدارن و ئەرک و ڕۆنانیان هەیە.

مۆرفۆسینتاکسەکانی تایبەت بە ناو بریتین لە:

١. (-ەکە، -ە)ی ناسراوی و ئەلۆمۆرفەکانی (کە، ک، یەک، یەکە، ەک). (کوڕەکە/ کچە، پیاوەکان، شـــایەک/ بایەکان، کورسییەکە، چەقۆکە، دەزوەکە/ دەزۆکە...)
٢. (-ێک) نەناسراوی و ئەلۆمۆرفەکانی (ەک، یەک، ێ). (گوڵێک، خشتەیەک، ماڵەک، گوڵێ...)
٣. (-ان)ی کۆ و هاواتاکانی (هات، جات، گەل، وات، ها، ات). (شـاخان، دێهات، میوەجات، مێگەل، چەندەها، ئاغاوات...)
٤. (-ی، -ە)ی خستنەپاڵ. (خوێندکاری زیرەک...، خوێندکارە زیرەکەکە...)
٥. (م- مان، ت- تان، ی- یان)ی خاوەنێتی. (باوکم، باوکت، باوکی، باوکمان، باوکتان، باوکیان)
٦. پێشـناوەکان (لە-، بە-، بێ-، بۆ-، ـــە-، تا-، وەک-). (لە هەڵەبجە، بە پێ، بێ کارەبا، بۆ باخچە، شـارەکە، تا کتێبخانەکە، وەک ئەسپ...)

٧. (-ە، -ۆ، -ێ، -ینە)ی بانگکردن. (مامە، بابۆ، پورێ، کچینە...) (قادر، ٢٠٠٣: ٥٨)

**ئاوەڵناو:** یەکێکی تر لەو بەشانەی ڕستە، کە لە چوارچێوەی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا باسی دەکەین ئاوەڵناوە، کە تایبەتمەندی و ئەرکی جیاوازی هەیە و "وەسـفی ناو دەکات، بەمەش وەکو بەشـە پۆلێکی ناو ناسراوە" (محێددین، ٢٠١٣: ١٧٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا بەتەنیا ناو و کەرەسـتەکانی تری دەوری ناو ناگرێتەوە، چونکە کەرەسـتەکانی ڕسـتە بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر و گەیاندنی پەیامی زیاترن لە ئاخێوەرەوە بۆ گوێگر، ئەم بەراوردی و گەردانکردنەی دژیەکەکان و وەسفکردنەی ناو لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە، مۆرفیمە مۆرفۆسینتاکسییەکانی (تر، ترین) دەیاننوێنن، لە خوارەوە ئەمە بە نمونەوە ڕون دەکەینەوە:

هەردو کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسی (تر، ترن) بەگشتی ئەم ڕۆڵانە دەگێڕن:

-تر/ -ترین
- پلەی ئاوەڵناو دەگۆڕن.
- دەبنە تەواوکەری کرداری ناتەواو.
- دەبنە دەرخەر بەیاریدەی < /-ی/، /-ە/ی خستنەپاڵ.
- /-تر/ دەچێتە سەر هەندێک ئاوەڵکردار و دوبارەبونەوەی کات دەخاتەڕو.
- /-تر/ شوێنی پەیوەست بە کردارەوە دەخاتەڕو.
- /-تر/ شوێنی پەیوەست بەسەر ئەو ئاوەڵناوانەی لە فرێزی کرداریدا دەردەخەن، وەک ئاوەڵکردار ڕۆڵ دەبینن و چۆنێتیی دەردەخەن.
- دەبنە ڕادە و هێما بۆ چەندێتیی ناوی دەرخراو. (حسەین، ٢٠١٢: ١٧)

هێڵکاریی (٣)

لە ئاوەڵناودا ڕۆڵی کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسیی (تر، ترین) بە نمونەوە دەخەینەڕو:

پلەی ئاوەڵناو دەگۆڕن: **گوڵێکی جوانترم هێنا. جوانترین گوڵم هێنا.**

دەبنە تەواوکەری کرداری ناتەواو: **نێرگز لە بەیبون جوانترە.**

دەبنە دەرخەر بەیاریدەی (ی، ە)ی خستنەپاڵ: **باشترین کتێبەکان جیا دەکەمەوە.**

دەبنە ڕادە و هێما بۆ چەندێتیی ناوی دەرخراو: **کتێبی باشتر بکڕە.**

(تر) دەچێتە سەر هەندێک ئاوەڵکردار و دوبارەبونەوەی کات دەخاتەڕو: **مامۆستاکە ئەمڕۆ زوتر ڕۆیشت.**

(تر) شوێنی پەیوەست بە کردارەوە دەخاتەڕو: **کەمێک لە سەرترەوە بڕۆ.**


(تر) شـوێنی پەیوەسـت بەسـەر ئەو ئاوەڵناوانەی لە فرێزی کرداریدا دەردەخەن، وەک ئاوەڵکردار ڕۆڵ دەبینن و چۆنێتی دەردەخەن: **گوڵەکەی تۆ جوانتر گەشەی کردوە.**

**کار:** زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسیی زۆرە لەسەر کاردا، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دروسـتبونی فرێزی کاری، جا دەکرێت ئەم کەرەسـتانە بچنە پێشیـ کارەکە یاخود کۆتایی کارەکە و پێوەی بلکێن، واتا مۆرفیمی بەندن، ئەم لکاندن و دروسـتبونی فرێزە کارییە تایبەتمەندییەکانی کات و ئەسـپێکت و ڕوکار لەخۆ دەگرێت، بە واتـایەکی تر "کـار، کە چەمکی ڕودان لەخۆ دەگرێـت چەنـد لایەنێکی دەرخەری تـایبەتی لێکـدانەبڕاوی هەیە و بە کاتەگۆڕییەکانی مۆرفۆلۆژیی ئاماژەیی گشـتی ناو دەبرێن و مۆرفیمە وشـەگۆڕەکان (Inflecttional morphemes) دەیاننوێنن، کە بریتین لە: کات: tense، ئەسـپێکت: aspect، ڕوکار: mood" (قادر، ٢٠٠٣: ٦٠)، هەنـدێک تایبەتمەندی هەیە بە کارەوە مۆرکیان گرتوە، یاخود بە پێچەوانەوە کار هەمیشـە هەندێک تایبەتمەندی لەگەڵ خۆیدا

هەڵدەگرێت و نهێنی و زانیاریمان لەبارەی کارەکە و کاتەکە و کەسەکەوە پێدەڵێت، لە خوارەوە ئاماژە بە کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی فرێزی کاری (کات، ئەسپێکت، ڕوکار) دەکەین:

**کات:** لە زمانی کوردیدا کاری ڕابردو بە لابردنی (ن)ی چاوگ لەسەر چاوگەکان دروست دەبن، بۆ نمونە: (بڕین: بڕی. درون: درو...)، هەروەها دەربڕینەکانی: (دوێنێ، پێرێ، نیو کاتژمێر پێش ئێستا...)، کاری ڕانەبردوش ئێستا و داهاتو دەگرێتەوە، ئەمیش بەهۆی ئەسپێکتی بەردەوامیی (دە) و ڕەگی کار دروست دەبێت، واتا بە یاسای (دە+ ڕەگی کار= کاری ڕانەبردو)، هەروەها هاوشێوەی کاری ڕابردو هەندێک دەربڕین هەیە تایبەتە بە کاتی ئێستا و داهاتو، بۆ نمونە: (ئێستا، لەم کاتەدا، لەو دەمەیدا، بەیانی، کاتژمێرێکی تر، کاتێکی دیکە...)، دەکرێت هەندێک ڕستە تەنیا دەرخەری کاتی ڕانەبردو بێت، واتا کاتی ئێستا یان داهاتو تیایدا دەرناکەوێت، بۆ نمونە: (بەیەکەوە گۆرانییەکە دەڵێین).

**ئەسپێکت:** یەکێکی ترە لە کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ناو لە فرێزی کاریدا، ڕۆڵیان هەیە لە بەردەوامی و دوبارەبونەوە و داخوازی و... کاردا، هەروەها ''ئەسپێکت کاتەگۆرییەکە لە وەسفی ڕێزمانیی کاردا بەکاردێت، هاوشانی کات و ڕوکارە، هێما ڕێزمانییەکانی ماوەیە، یان جۆرێک لە هێما و ئاماژەیەکی چالاکی کردارە'' (Crystal, 1992: 27)، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کارەوە و ئەرکی کاریش دەگۆڕێت، دەکرێت لە زمانی کوردیدا ئەسپێکتەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن بکەین:





(محێددین، ٢٠١٣: ١٩٥)

هێڵکاریی (٤)

بۆ نمونە: دەخوێند، بڕۆیشتایە، بخوێنە، پاڵکەوتوم- کێڵاوە/ کردوە، پاڵکەوتبو، خوێندەوە.

**ڕوکار:** ئەم بەشە لە فرێزی کاریی زمانی کوردیدا کۆمەڵەی (وشەگۆڕەکان) دەیاننوێنن، ڕستە لە دۆخی هەواڵ و خۆزگە و مەرج و گومان و دانانی و داخوازی و نەفیکردندا دەردەبڕێت، هەروەها ''ڕوکار تایبەتێتییەکی تری کاتیگۆریی کارە و لە فرێزی کاریدا دەردەکەون، حاڵەتێکی تایبەتە لە دەربڕینی کاردا وەک ناونیشانێک بۆ دارشتنی فۆرمی مەبەست و پێوەندیدار'' (قادر، ٢٠٠٣: ٦٧)، لە هێڵکاریی (٥-د) ڕوکار ڕون دەکەینەوە و نمونەیان بۆ دەهێنینەوە:




(محێددین، ٢٠١٣: ٢٠١)

هێڵکاریی (٥)

بۆ نمونە: کۆچی کوردان دوایی نایا (هەواڵ). کاشکی تۆ زوتر دەهاتی (خۆزگە). تا بە یەکەم دەرنەچی، دیارییەکەت بۆ ناکڕم (مەرج). لەوانەیە تارا نەیەت (گومان). باشتر بو کتێبەکەت بکڕیبا (دانانی). داری چیاکان مەبڕن (داخوازی). ئاوهەوای کوێستان گەرم نییە (نەفیکردن).

**پاری دوەم:**

## ٢-١ ڕۆنانی ڕستەی مۆرفۆسینتاکس لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا:


دوای چەندین سـەدە هەوڵ و توێژینەوە لەبارەی زمان و ئاخاوتن و چۆنیەتیی گۆڕینەوەی بیرورا جیاوازەکانی مرۆڤ، لە نیوەی دوەمی سـەدەی ڕابردو بابەت و لایەنێکی دیکەی جیاوازی زمان هاتە مەیدانی لێکۆڵینەوە و باسکردنەوە، ئەویش (ڕێزمانی بەرهەمهێنان) بو، "ڕێزمانی بەرهەمهێنان وەکو زاراوەیەک چۆمسکی لە کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان- ١٩٥٧) دایهێناوە، مەبەستیش لێی ئەوە بوە، کە ئەو ڕێزمانە ئاماژە بە توانای ڕێزمانێک دەکات، کە پێناسەی کۆمەڵە ڕستەیەکی ڕێزمانی دەکات لە زمانێکدا بەرهەم دەهێنرێت" (crystal, 2008: 208)، زمان تا توانا و ئاسـتی باشـتر و بەرزتر بێت، لە بەرهەمهێناندا باشــتر و فراوانتر دەبێت، ئەمەش پێویســتی بە ئاســتەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و واتاســازی و فەرهەنگ دەبێت، ئەم هەوڵ و تازەگەرییەی چۆمســکی لە ســەردەمی خۆیدا بیرکردنەوە و تێڕوانینی نوێی هێنایە ئاراوە، هەروەها چۆمسکی بیرکارییانە لە یاسا و دەربڕینە زمانییەکانی دەڕوانی، هەر لەسەر ئەم بیرکردنەوە و بنەمایە هەوڵی داوە یاســـاکانی زمـان جێگیر بکات و بـاسی بکات، پێویســـتە ئەوە بزانین بۆ هەر دەربڕینێک، کە دەچێتە چوارچێوەی بەرهەمهێنان لە زماندا، پێویستمان بە توانستە، توانستیش لە ڕێگەی چالاکییەوە سیستەمەکە تەواو دەکات، کەواتە توانســت و چالاکی بنەمای ڕێزمانین -چونکە ســیســتەمێکی زانیاریی زمانییە- بۆ دروســتبونی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، کەواتە دەتوانین لەبارەی توانســتی زمانەوە بڵێین: "ســیســتەمێکی زانیاریی زمانییە، کە لەلایەن قســەکەرانی ڕەســەنی زمانەوە خاوەندارێتی دەکرێت" (احمد، ٢٠١٦: ٦)، کەواتە توانســـت هەگبەیەکی زانیارییە، کە ڕســـتە پشـــتی پێ دەبەستێت، بێگومان توانستیش بەتەنیا ناتوانێت ئەو گرنگییانە تەواو بکات و بگات بە ئامانجی سەرەکی لە زماندا، بۆ تەواوکردنی ئەو سیستەمە پێویستمان بە چالاکی دەبێت، چالاکیش "شێوازی چۆنیەتیی بەکارهێنانی توانستە لە کردەی ئاخاوتندا" (سـەرچاوەی پێشـو: ١٩)، واتا تا توانســتی ئاخێوەر باشـتر و قوڵتر بێت، ئەوا کردەی چالاکیشی- باشـتر و بەهێزتر دەبێت، کەواتە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، بەمەش چالاکی دەبێتە ئاوێنەی توانست.

هەر تاکێک بۆ پەیدابونی توانســـت لە زمانەکەیدا پێوســـیتی بە ئەزمون و پراکتیزەکردنی زمانەکەی هەیە، بۆ نمونە لە ڕستەی (**من ئەوانم هێنا.**) بەڕونی تێدەگات، بەڵام لە مۆرفۆسینتاکسی (**هێنامن.**) پێویستی بە لێکدانەوە و وردبونەوەی زیاتر دەبێت تا لە واتاکەی دەگات، دوای ئەوەی تایبەتەندییەکانی ڕستە بەپێی یاساکانی زمانەکە دروست بو و گەیشتە بەرهەمهێنان، ئەوا ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە دروست دەبێت، لە یاساکانی گوێزانەوەشـدا دروستبونی ژێرەوە لێکدەداتەوە بۆ ئاســتی ســەرەوە، ئەم یاســایانەش کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەخۆیان دەگرن؛ کەرەســتە فەرهەنگییەکان لە ئاســتی قوڵەوە بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان ڕێک دەخرێن و دەگەن بە ئاستی ڕوکەش، ئەمەش دوای بەرهەمهێنان بە یاســـاکانی گوێزانەوەدا تێدەپەڕێت، هەرچەندە یاســـاکانی گوێزانەوە لەڕوی ڕێزمانییەوە هاوشـــێوەن، بەڵام لەڕوی ئەرکەوە جیاوازییان هەیە.

یاساکانی گوێزانەوە دابەش دەبن بۆ دو جۆری ڕستە لە هەر زمانێکدا، ڕستە ئاڵۆزەکان دەچنە ژێر بنەماکانی گشتییەوە و ڕســتەی ســادە لەژێر بنەما تایبەتییەکان لێکدەدرێنەوە، دەتوانین بڵێین: "یاســا گشــتییەکانی گوێزانەوە: ئەم یاســایانە لەسەر دو ڕستەی بەرهەمهاتو کار دەکەن، دو ڕستەی -بەرهەمهاتو لەلایەن یاساکانی ڕۆنانی فرێز- بۆ لێکدانی ڕستە یان دروســتکردنی ڕســتەی ئاڵۆز" (ســەرچاوەی پێشــو: ٥٨)، کەواتە یاســا گشــتییەکان پەیوەســتن بەو ڕســتانەی زیاتر لە کارێکیان تێدایە و ڕســتەی ئاڵۆزن، یاســا تایبەتییەکانیش ئەو ڕســتانە دەگرێتەوە، کە تەنیا کارێک لەخۆ دەگرێت و ئاڵۆز نین، یاسا تایبەتییەکانی گوێزانەوە لەسەر بنەمای پێویستیی پیادەکردنیانەوە دەبێت بە دو جۆر، جۆرەکان بریتین لە:

''یاسا بەخورتییەکان: ئەم یاسایانە بونەتە بەشێک لە زانیاریی زمانی، کە بەشێوەیەکی زگماکی لای قسەکەری هەر زمانێک هەن، چونکە قسەکەر بۆ دەربڕینی بیر و گوزارشتکردن لە دەوروبەر بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کار بەم یاسایانە دەکات'' (حسەین، ٢٠١٢: ٣٥).

''یاسا بەئارەزوییەکان: ئەو یاسایانەن، کە دەتوانرێت پیادەبکرێن یان نەکرێن، واتا بەبێ پیادەکردنیان ڕستە (بنجی) لە ڕۆنانی سەرەوەدا بەرهەمدێت و بە پیادەکردنیان ڕستەکە دەبێتە داڕژاو، وەک یاساکانی (نەرێ، پرسیار، فرماندان...)، بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە پێنج شێوە وەردەگرن: (لادان، جێگۆڕکێ، جێگیری، کۆپیکردن، زیادکردن)'' (کریم، ٢٠٠٢: ٥٩)، بەم شێوەیە دەتوانین یاساکانی گوێزانەوە لەم هێڵکارییەدا کۆبکەینەوە:




هێڵکاریی (٦)

یاسا بەئارەزوییەکان بەشێوەیەکی گشتی پێنج شێوە لەخۆ دەگرن، کە بریتین لە (لادان، جێگۆڕکێ، جێگیری، کۆپیکردن، زیادکردن)، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە و باسی لێوە دەکەین لادانە، ئەم جۆرە هۆکارێکە بۆ ئابوریکردن لە زماندا، کە تیایدا کەرەستەیەکی ڕستە لادەبرێت و بەشێوەی کلیتیک یاخود مۆرفیم دەنوێنرێت، واتا بەشێوەیەکی تر ئەرکەکە وەردەگرێت، لێرەدا لابردنی کەرەستەکانی وەک (بکەر، بەرکار، بەرکاری بەیاریدە) دەخەینەڕو:

''لابردنی بکەر subject deletion: هەبونی ئەم بەشە لەناو دروستەی ڕستەدا بەخورتییە و ناتوانرێت لابرێن، دەشێ بکەر لە دروستەی ڕوکەشدا دەرنەکەوێت و (pro)یەک لە شوێنی دابنرێت'' (برزۆ، ٢٠٢٠: ٧٤)، بکەر کەرەستەیەکی بەخورتییە، بەڵام دەکرێت لە شێوەی وشەیەکی سەربەخۆ یان کەرەستەیەکی سەربەخۆ لابرێت و بیگۆڕین بە کلیتیک، یاخود لە شێوەی مۆرفیمێکی کەسی دەربکەوێت، بۆ نمونە:

تۆ خەڵاتت وەرگرت؟ ←خەڵاتت وەرگرت؟ ←وەرت گرت؟

یەکێکی تر لەو کەرەستانەی لە ڕستەی زمانی کوردیدا دەردەکەوێت بەرکارە، بەڵام لە ئاستی مۆرفۆسینتاکسدا ئاساییە دەرنەکەوێت، چونکە لە شێوەی مۆرفی بەتاڵدا دەبێت (Ø)، دەتوانین ئەم لابردنە بەم جۆرە بناسێنین:

''لابردنی بەرکار object deletion: بەرکاری ڕاستەوخۆ لەو ڕستەیەدا بونی هەیە، کە کاری ڕستەکە تێپەڕ بێت، لابردنیشی لە زمانی کوردیدا ئاساییە، چونکە کردەی لابردنەکە تەنیا لە ئاستی ڕوکەشی ڕستەکەدایە'' (خدر، فەرهادی، ٢٠٢٢: ٣٩)، بۆ نمونە:

ئێوە ئاگرەکەتان کردەوە. ← ئێوە کردتانەوە. ←کردتانەوە.

لەم ڕستەیەدا بەرکاری ڕستەکە دەرنەکەوتوە و لە شێوەی مۆرفی بەتاڵە (Ø)، چونکە بەرکار لە کاری تێپەڕدا یەکێکە لە کەرەستە بەخورتییەکانی یاساکانی گوێزانەوە، هەروەها ''ناکرێت شوێنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەتاڵ بێت، واتا بە لابردنی واتاکەی بەهۆی کەرەستەکانی ڕستەوە نادروست دەبێت، چونکە لە ڕستەدا کەرەستەیەک نییە، کە لەگەڵیدا هاونیشانە بێت'' (خدر، فەرهادی، ٢٠٢٢: ٣٩- ٤٠)، ئەمە لە کاتێکدایە، کە کاری ڕستەکە پێویستیی بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ بێت، ئەم گۆڕانکارییەش دەکرێت لە هەردو دۆخی (تەواوکار، سەربار) بیاننوێنین:

''تەواوکار complement ئەو فرەیزەیە، کە کەتیگۆری لێکسیکی وەریدەگرێ، یان هەڵیدەبژێرێ، ئەو کردارەی بەهۆی ڕوداوێکی دیاریکراوەوە هەڵدەبژێردرێ تایبەتمەندیی ئەو کردارەیە، کە چ تەواوکارێک هەڵدەبژێرێ'' (قادر، ٢٠٠٩: ٣٤)، بۆ نمونە:

گۆزەکەم بە تۆدا نارد. ←پێمدانارديت.


''سەربار adjunct بەو کەرەستانەی ڕستە دەگوترێت، کە دەکرێ لەنێو ڕستەدا لاببرێن بەبێ ئەوەی ڕۆنان و ناوەڕۆکی ڕستەکە بشێوێنن'' (خدر، فەرهادی، ٢٠٢٢: ١٦)، بۆ نمونە:

من بە کۆڵانەکەدا هاتم بۆ زانکۆ. ←من پێیدا هاتم.

لێرەدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ گۆڕانی بەسەردا دێت بەپێی ئەو دۆخەی لەناو ڕستەکەدا هەیەتی.

**٢-٢ جێکەوتەی مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا:**

چۆمسکی لە قۆناغەکانی پێشودا هەستی کرد، کەموکوڕی لەسەر بابەتەکان بەدی دەکات، لەبەر ئەوە لە هەوڵیدا بۆ دانانی تیۆرێکی نوێتر لە قۆناغی پێشو، کە ڕۆنانە سینتاکسییەکان بو، دوای ئەو هەوڵانە گەیشت بە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، ئەم تیۆرەش ''بە سەرکەوتوترین و گشتگیرترین فۆڕمی تیۆرەکانی ڕێبازی بنەما و پارامیتەرەکان دادەنرێ، کە ناوەکەی لە چەند وانەیەک لەسەر تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەی چۆمسکی ١٩٨١ وەرگیراوە'' (رسول، ٢٠١٣: ٥)، ئەم هەوڵەش لەسەر کەموکوڕیی تیۆرەکانی پێشوتر بو، چونکە هەمیشە لە کاتی هەستکردن بە پێویستییەتی و پڕنەبونەوەی کەلێنەکان بیر لە داهێنان و تیۆری نوێتر دەکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بو لە ڕۆنانە سینتاکسییەکان گرنگیی بە هەمو کەرەستەیەکی ڕستە نەدەدرا و بەها بۆ کەرەستەکان دانەنرابو، لەبەر ئەمە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە بەردەوامەکانی تیۆرێکی نوێی لە زماندا ڕاگەیاند و کاری لەسەر دەکرد (تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە -GB-) بو، ئەویش لەناو خۆیدا لە کۆمەڵێک وەچەتیۆر پێک دەهات، یەکێک لە وەچەتیۆرەکان (X-bar)ە، ''ئەم مۆدێلە ڕێزمانییە، کە بە GB ناسراوە، کورتکراوەی (governmentent and binding theory)ە، بەرەو ڕێزمانی جیهانی چو'' (عبدالله، ٢٠٢٣: ١٣)، لە GBدا کاری لەسەر ئەوە دەکرد بە یەک یاسا ڕستە و فرێز شیبکاتەوە، ئەویش بریتییە لە وەچەتیۆری (X-bar)، ئەم تیۆرە ''پێڕەوی ڕێزمانیی دروستەی فرێزە، لەلایەن چۆمسکی و جاکندۆفەوە خراوەتەڕو'' (MATTHEWS, 2007: 439)، ئەم تیۆرە ڕێزمانییە چەند یاسا و لێکدانەوەیەکی باشتری لەوەی پێش خۆی هێنایە ئاراوە، واتا ''ئەم تیۆرە لەمیانەی زمانەوانی بەرهەمهێنانی نوێدا گەشەیکرد، وەکو شوێنگری لێکدانەوە کۆنەکانی پێکهاتی فرەیز هاتەکایەوە، بۆ دارشتنەوەی بیرە کۆنەکەی (سەرەی پێکهاتەکان) و بۆ کۆتبەندکردنی ئەو زنجیرە ئەگەرە زۆرەی، کە لە یاسای فرێز پێکهێناندا هەیە'' (trask, 1993: 307)، ئەم تیۆرە پێکهاتەیەکی فرێزە و کاریان لەسەر دەکات و وەک مۆدێلێکی نوێی فرێزلێکدانەوە کار دەکات، ''دەتوانرێت بۆ هەمو کاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی وەک: (N, V, P, A,) بەهۆی نواندنێکی توێتوێکراوەوە بنوێنرێت'' (محەمەد، ٢٠٠٩: ١٤٧)، دەتوانرێ ئەم تیۆرە فرێزەکانی ناوی و ئاوەڵناوی و کردار و پێشناو شیبکاتەوە، تیۆرەکە دو ئاستی بەرهەمهێنان دەگرێتەوە: ''١- فرێزە تەواوکەرەکان، کە خوشکی سەر $X^0$ن، لەگەڵیدا بۆ پێکهێنانی پرۆژەکانی $\bar{X}$ یەک دەگرن، adjuncts لەگەڵ $\bar{X}$دا پرۆژەکانی $\bar{X}$ بونیات دەنێن. ٢- دیاریکار Spec لەگەڵ بەرزترین $\bar{X}$دا بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی مەزنی XP یەک دەگرێت'' (سەعید، ٢٠١٩: ٦٦)، لە ئەنجامدا چۆمسکی یاسایەکی گشتیی فرێزپێکهێنان بۆ هەمو بەشە کەتیگۆرییەک دادەڕێژێ و فرێزەکانی پێ شیدەکاتەوە، یاساکەیش بریتی بو لە:




(رسول، ٢٠١٣: ١١)

هێڵکاریی (٧)

چۆمسکی لەم مۆدێلەدا گرنگیی تایبەتی بە سەرەی فرێزەکان دەدا، بێگومان هەر سەرەیەکیش جێکەوتەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، جێکەوتەکان فراوانکردنی وشەی سەرەیە بە جۆرێک جێکەوتە دەتوانێت کردارێک/ ناوێک/ ئاوەڵناوێک تەنانەت ڕستەیەک بنوێنێت، بەشێوەیەک ''جێکەوتە کەرەسەیەکە، کە فراوانکراوی وشەی سەرەیە، بۆ نمونە لە فرێزێکی کرداریدا بەم شێوەیە دەبێ: فرێزی کرداری (VP) جێکەوتەی مەزنی سەرەی کرداره (V)، بەمەش (V) سەرەی فرێزەکەیە. کەرەسەی (V̄) دیسانەوە جێکەوتەی سەرەی (V)یە، بەڵام لە ئاستێکی تردا، کە ئاستی ناوەندیی پێدەڵێن ئەم ئاستە ناوەندە واتای فرێزەکە دەخاتەڕو، لە لایەکی ترەوە (V̄) لە سەرەی (V) و ئارگۆمێنتێک دروست دەبێت، ئەمەش بە نزمترین (V̄) دادەنرێت، بەرزترین (V̄)یش یەکێکە لە ئارگۆمێنتەکان لە (V) و کەرەسەیەکی سەرپشکیی پێکدێت'' (قادر، ٢٠٠٩: ٣٠)، جێکەوتە نواندنی شوێنی کەتیگۆرییەکانە لە سینتاکسدا، ''دانە فەرهەنگییەکان بە زانیارییە سینتاکس و واتاییەکانەوە هەڵگیراون، بە جۆرێک، کە لەڕوی سینتاکسەوە گۆکردن و جێکەوتە سینتاکسییەکانیان دیاریکراوە، واتا هەر دانەیەکی فەرهەنگی پەیوەست بە جێکەوتەکانیانەوە لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیشدا نیشانە کراون'' (محەمەد، ٢٠١٦: ٥٢)، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت جێکەوتەکان لە هەر جۆرە فرێزێک بێت خاوەن فۆرمی فۆنەتیکی و واتایی و سینتاکسیی تایبەت بە خۆیانن، هەروەها جێکەوتەکان ''شوێنێکی ئەرکییە لەناو یەکەیەکی زمانەوانیدا، کە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەیەک یان ڕستەیەکدان، زۆرجار ئەرک و واتای ڕێزمانیی وشەکە بەپێی جێکەوتەکەی دەگۆڕێت'' (crystal, 1992: 308)، زمانی کوردی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە: لەڕوی جێکەوتەوە دەتوانین گۆڕان لە شوێنی کەرەستەکان بکەین، بەمەش ئەرکە ڕێزمانییەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نمونە:

-شاهەنگ کوڕەکەی گرت./ کوڕەکە شاهەنگی گرت.

لەم دو ڕستەیەدا بە گۆڕانی شوێنی جێکەوتەکە ئەرکی ڕیزمانیی جیاواز بەدی دەکرێت، لە ڕستەی یەکەم (شاهەنگ) جێکەوتەی مەزنی هەیە، بەڵام لە ڕستەی دوەمدا (شاهەنگ) تەواوکەری سەرەی (گر)ە، لە چوارچێوەی فرێزی کاری (VP)، بۆیە بە گۆڕینی شوێنی کەرەستە فەرهەنگییەکان ئەرکی جێکەوتەش گۆڕانی بەسەردا دێت.


لە یاساکانی دەسەڵات و بەستنەوەدا هەمو فرێزەکان بە (XP) شیدەکرێنەوە، هەمو سینتاکسێک و مۆرفۆسینتاکسێک بە (IP) شیدەکرێتەوە، چونکە وەک ئاشکرایە مۆرفۆسینتاکس ڕستەیەکە لە شێوەی وشەیەک خۆی دەنوێنێ، زمانی کوردی، کە زمانێکی (pro drop)ە، واتا زمانێکی بکەرخراوە، ڕێگا دەدات بکەر و بەرکار لابرێ و لەناو کردارەکەدا جێگیر بکرێ، بەمەش بەکلیتیک دەکرێ، واتای ڕستەکە ناشێوێ و بە لابردنی کەرەستەکان و جێگیرکردنیان لەناو کردارەکەدا جێکەوتەکان شوێنیان گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام ئەرک و ڕۆڵی خۆیان هەر دەمێنێ، ''ڕونکردنەوەی داتا سینتاکسی و مۆرفۆسینتاکسییەکان ئەو ڕاستییە دەخەنەڕو، کە هەردو پرۆژەی سینتاکس و مۆرفۆسینتاکس بەرهەمی هەمان توخمی فەرهەنگی ڕەگن، چونکە لە هەردو پرۆژەکەدا ڕەگ بە هەمان فۆرمەوە پارێزراوە، بەڵکو پێواژۆی لەبریدانان لەڕێی نیشانەکانی ڕێککەوتنەوە جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکانی (بکەر) یان (بکەر، بەرکار) دەگرێتەوە'' (سەعید، ٢٠١٩: ١٨٨)،

کەواتە ئارگیومێنتەکانی بکەر و بەرکار لە مۆرفۆسینتاکسیش بە هەمان شێوەی سینتاکس دەئاخنرێنە ناو کردارەوە، جێکەوتەکە بە هەمان شێوەی لە سینتاکسدا ڕۆڵ دەبینێ لە مۆرفۆسینتاکسیشدا بونی هەیە و لەسەر ئارگیۆمێنتەکانە، ڕێککەوتنیش لەنێوان جێکەوتەی بکەر و کرداردا لە مۆرفۆسینتاکس بەرەو لای ڕاست دەبێت، "هێڵی جێکەوتەکە لە سەرەکەوە دەست پێدەکات" (رسول، ٢٠١٣: ١٤)، واتا جێکەوتە مەزنەکە بەهۆی سەرەکەیەوە دەناسرێتەوە، کە چ جۆرێکە، جا چ لە سینتاکسدا بێت، یاخود مۆرفۆسینتاکس، "دەربڕاوی وشە یا فرێز لە دەربڕیندا ئەو جێکەوتانە دەستنیشان دەکەن، کە ڕێگا بە هەریەک لە مۆرفیمە سینتاکسییەکان دەدات لە کوێدا دەردەکەون" (قادر، عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ٤٩)، بە واتایەکی تر کەرەستەکان، کە پێکهێنەری ڕستەن و جێکەوتەی تایبەت بە خۆیان هەیە، گەر ڕستەکە بکرێتە ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی جێکەوتەیان هەر دەبێت، بۆ نمونە:

ئەو تۆی کوشت. ← کوشتیتی

بکەر بەرکار بەرکار بکەر

وەک چۆن لە سینتاکسدا کەرەستەکانی (ئەو، تۆ) جێکەوتەیان هەیە و جێناوی سەربەخۆن، بە هەمان شێوە لە مۆرفۆسینتاکسدا جێکەوتەی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەمان کاریگەرییان هەیە، لەبەرئەوەی کاتێک ڕستەکە دەکرێتە ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی. کەرەستەکان بونیان دەمێنێت و "هەر ئامرازێکی مۆرفۆسینتاکسی، کە ئەرکێکی سینتاکسی جێبەجێ دەکات دەبێتە سەرەیەکی ئەرکی" (محەمەد، ٢٠٠٩: ١٦٣)، کەواتە لە مۆرفسینتاکسیشدا هاوشێوەی سینتاکس سەرەمان هەیە، سەرەکان کات و کەس و شوێن و مۆرفیمە کەسییەکانن...، کە ڕێککەوتن لەگەڵ بکەر و بەرکاردا ئەنجام دەدەن، لە خوارەوە ئەم نمونانە بە یاسای (IP) شیدەکەینەوە:




هێڵکاری (٨)

(هاتم) لە زمانی کوردیدا لەڕوی واتا و ئەرکەوە بەبێ کەموکوڕییە و هەریەک لە بکەر و کرداری تێدایە، هەروەها کاتی ڕودانی کارەکەش دیارە، (م) جێناوی لکاوە و دەرخەری هاتنی کەسی یەکەمی تاکە، (ت) دەمی ڕودانی کارەکە دەردەخات و مۆرفیمی کاتە بۆ ڕابردو، (ها) دەبێت بە کردار، چونکە مۆرفی کاتەکەمان لابردوە، بەپێی شیکردنەوەی یاسای (IP) جێناوی لکاوی (م) سەرەی ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکەیە و جێکەوتەیەکی مەزنی هەیە، (I°)ی پێدەگوترێ، ڕێککەوتنی لەگەڵ بکەری ڕستەکە هەیە و بە مۆرفیمی کەسی نوێنراوە، (VP) دەکرێتەوە بۆ (V)، چونکە تەنیا کارەکە بەبێ هیچ گیرەکێک و نوسەکێک ماوەتەوە، هەروەها(بردمانن) لە زمانی کوردیدا لەڕوی واتا و ئەرکەوە بەبێ کەموکوڕییە و هەریەک لە بکەر و بەرکار و کرداری تێدایە، هەروەها کاتی ڕودانی کارەکەش دیارە، (مان، ن) جێناوی لکاوە ئەرکی ڕێزمانیی بکەر و بەرکاریان هەیە، (د) دەمی ڕودانی کارەکە دەردەخات و مۆرفیمی کاتە بۆ ڕابردو، (بر) دەبێت بە کردار،

چونکە مۆرفی کاتەکەمان لابردوە، بەپێی شیکردنەوەی یاسای (IP) جێناوی لکاوی (ن) سەرەی ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکەیە و جێکەوتەیەکی مەزنی هەیە، هەروەها بەرکارە، ($I^{o}$)ی پێدەگوترێ، بەشەکەی دیکەی (I) دەبێت بە (IP)، ئەمیش دەکرێتەوە بۆ (VP) و (I)، هەریەک لە مۆرفیمی کات (د) و جێناوی لکاوی (مان) لەژێر (I)دا دەبن، دوبارە (VP) دەکرێتەوە بۆ (V)، کە کارەکە (بر) لەخۆ دەگرێت.

**٣-٢ مۆرفۆسینتاکس و جوڵانی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە ڕستەدا:**

کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە لەژێر یاسای ڕستەسازیی زمانەکەدا ڕیز دەبن، بە گۆڕان و پشتگوێخستنی یاساکان لێڵی و ناڕونی لە واتادا دروست دەبێت و لای گوێگر بە ڕستەیەکی نامۆ لێکدەدرێتەوە، بەڵام هەندێک گۆڕان و جوڵان لە کەرەستەکاندا ئاسایین و دەکرێت لە ڕستەدا بکرێت، ئەمەش بە مەرجێک دەبێت، کە نەبێتە هۆی گۆڕانی واتا، بەڵکو یەکێک لە مەبەستەکان لێی باسمەندییە، بۆ نمونە: **شاهەنگ بە پاس دەچێت بۆ زانکۆ./ بە پاس شاهەنگ دەچێت بۆ زانکۆ.**

لە ڕستەی یەکەمدا جەختکردنەوەیە لە کەسەکە (شاهەنگ)، کە بە پاس بۆ زانکۆ دەچێت، لە ڕستەی دوەمدا جەختکردنەوەیە لەسەر چۆنیەتیی ڕۆیشتنەکە بۆ زانکۆ، کە بە پاسە، ئەم جوڵانە وەک چۆن لە ڕستەسازیدا ڕودەدات بە هەمان شێوە بەسەر کەرەستەکانی مۆرفۆسینتاکسیشدا ڕودەدات، ئەم کردەیە بە کردەیەکی مۆرفۆلۆژییانە دادەنرێت، چونکە ڕستەکان لە کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکان پێکدێن، جوڵانەکە لە سینتاکسدا ڕودەدات، بەڵام خودی کردەکە بەسەر وشەکانی ناو ڕستەکەدا دێت، هەر ئەم جوڵانە لە ئاستی ژێرەوەدا دەکرێت لە شێوەی مۆرفۆسینتاکسدا دەربکەوێت، بۆ نمونە: **خواردمیان./ خواردیانم.**

جوڵانی کەرەستەکان بەهۆی پاڵنەرێکەوەن و نابنە هۆی گۆڕانی واتا، هەروەها ڕۆڵی دەبێت لە بەستنەوەی دروستەدا، کردەی جوڵە، کە چۆمسکی لە GB و لە (مینیماڵ پرۆگرامیشدا) باسی لێوە دەکات، پێی وایە، کردەیەکە لە گۆڕانی شوێن و جێهێشتنی شوێنپێیەک لەدوای خۆی، چۆمسکی بەم شێوەیە جوڵەی کەرەستەکانی ناساندوە: ''بەشێوەیەکی پلەبەندی نوێنەرایەتیی کەرەستە جیاوازەکانە بەهۆی هەوڵە گشتگیرەکان لە زماندا و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، کە کاریگەرییان لەسەر جوڵە و جێگیرکردنی کەرەستەکان هەیە لە ڕستەدا'' (Zwart, 1997: 2)، جوڵە چالاکیی کەرەستەی پێکهێنەری ڕستەیە، بە جۆرێک شوێنی کەرەستەپێکهێنەرەکانی ڕستە گۆڕانی بەسەردا دێت و دەتوانن بەهۆی کردەی جوڵانەوە لە شوێنی جیاوازدا ببینرێن، ''بونی جوڵە یارمەتیدەرە بۆ گۆڕانکارییەکانی ڕیزبەندیی وشەکان لەناو زنجیرەی ناوەکی، لە سەرانسەری زمانەکاندا'' (aboh, 2004: 103)، بێگومان کردەی جوڵە تایبەت نییە بە زمانێک و سنوردار نەکراوە، بەڵکو ئەمە لە هەمو زمانێکدا ڕودەدات و سودی لێ وەردەگیرێت، ئەم کردەیەش هەر وا بێبایەخ و بێکەڵک لێی ناڕوانرێت، بەڵام لەنێو زمانەکاندا جیاوازیی لە بەکارهێنانیاندا هەیە، بۆ نمونە ''هەندێ زمان بەپێی یاساکانی گوێزانەوە وەکو تایبەتمەندییەکی سەراپا ڕێگا بە هەندێ کەرەستە دەدا، کە لە شوێنی خۆی بجوڵێ، بەڵام ئەو زانیارییەی بەهۆی فەرهەنگەوە دەدرێ بەهۆی گوێزانەوەکانەوە ناگۆڕێ'' (قادر، ٢٠٠٩: ١١٨- ١١٩)، جوڵانی کەرەستەکان هەرەمەکی و لەخۆوە نییە، هەروەها هەمو کەرەستەیەکی ڕستە ناکرێت کردەی جوڵانی بەسەردا بێت، هەروەها نابێت بە کردەی جوڵە واتای جیاواز لە ڕستەدا دروست ببێت، واتا جوڵان نابێت ببێتە هۆی گۆڕانی واتای ڕستەکە.

لە دەربرینە ڕێزمانییەکاندا پێویستە ڕێسا ڕێزمانییەکان فەرامۆش نەکرێن، چونکە هۆکارێکن تا کەرەستەکان لە شوێنی دروستی خۆیاندا بن و بەو شێوەیەی پێویستە کەرەستەکان ڕیز ببن، واتا سیستەمی ڕێزمانی پێویستیی بە

پەیڕەوکردنە، ئەم سیستەمە چەندین کردە لەخۆ دەگرێت، ''جوڵان یەکێکە لەو کردە سینتاکسییانەی، کە لە سیستەمەکەدا ڕوودەدات، ڕێگا بە ڕەگەزە فەرهەنگییەکان دەدات لە شوێنەکانیانەوە بەرز ببنەوە و بچن بۆ شوێنێکی تر لە ڕستەدا'' (عەزیز، ٢٠٢٣: ٥٠)، کردەی جوڵان لە کەرەستە فەرهەنگییەکانەوە دەست پێدەکات، بە واتایەکی دیکە کردەی جوڵان بەسەر کەرەستە فەرهەنگییەکاندا دێت، بەهۆی گۆڕانی شوێنی کەرەستە فەرهەنگییەکان بەهۆی ئەم کردەیەوە نابێت ببێتە هۆی لێڵی و گۆڕانی واتای ڕستەکان، جوڵانەکان بەدەر نین لە ئاستە سیمانتیکییەکە، بەڵکو لە زماندا دەبێت جوڵانەکان ڕۆڵی سیمانتیکییانەی خۆیان بەڕێکی بەڕێوە ببەن، چونکە ئامانجی سەرەکیی زمان گەیاندنی واتایە، ناکرێت بەهۆی کردەی جوڵەوە لەنگی لە دەربڕین و واتای ڕستەکان دروست بێ، بۆیە زۆر کات بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە لەنگییە لە کردەی جوڵاندا لەدوای جوڵەی کەرەستە سەرەکییەکە لە شوێنی بنەڕەتیی خۆی شوێنپێیەک جێدەهێڵێ، بەمەش ''جوڵەی NP پاراستنی پێکهاتەی ڕستەیە'' (Cowper, 1992: 83) ئەم پاراستنە هەردوو لایەنی ئەرکی و واتا دەگرێتەوە، بۆیە هەر وا هەڕەمەکی کردەکە ڕونادات، بەڵکو لەژێر کۆمەڵێک گۆڕان و یاسای زمانی ڕوودەدات، یەکێک لەوانە بونی شوێنپێیە، کە ''لەدوای گواستنەوە (جوڵاندن) یان بۆ ئەو شوێنانە شوێنپێیەکی بەتاڵ لەدوای خۆیاندا بەجێ دەهێڵن، شوێنپێیە بەتاڵەکە لە ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (trace)'' (محەمەد، ٢٠٠٩: ٢٤٨)، شوێنپێکە لە ڕۆنانی سەرەوەدا بەدەر دەکەوێت، چونکە جوڵانەکە لە ئاستی ژێرەوە ڕوودەدات، بە نمونە:

**وانەکە من دەینوسم./ من وانەکەم دەنوسم.**

بە جوڵانی بکەر (من) بۆ پێش بەرکاری ڕستەکە (وانەکە) شوێنپێیەک لەدوای خۆی جێدەهێڵێ، کە دەکەوێتە دوای بەرکارەکە، ئەم شوێنپێ جێهێشتنە ڕێککەوتنە لەنێوان بکەر و بەرکاردا، هەروەها جێهێشتنی ئەم شوێنپێیە مەرجی ڕێککەوتنی کەرەستەکانی ناو ڕستەکەیە، کەواتە دەکرێ بڵێین شوێنپێ هەمیشە لەگەڵ کردەی جوڵاندا تەریبە، کاتێک کردەی جوڵانەکە ڕوودەدات، ئەم کردەیەش ڕاستەوخۆ لەدوای ڕوودەدات، شوێنپێ ''ئامرازێکە بۆ نیشاندانی ئەو شوێنەی، کە کەرەستەپێکهێنەرێک جێدەهێڵێت و گواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی دیکە'' (crystal, 2008: 489)، ئەم کردەیە بەسەر ڕستە سینتاکسییەکاندا دێت و ئاساییە بۆ ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیش ڕوبدات؛ جوڵەی مۆرفۆسینتاکسی واتا ڕێککەوتنی کەرەستە بەخورتییەکانی ڕستە لەگەڵ یەکتر و بەکلیتیککردنیان لەسەر کاری ڕستەکە دێتە بەرهەم، چونکە لە مۆرفۆسینتاکسدا کەرەستەکان بەشێوەی کلیتیک لە دەوری کارەکەدا دەردەکەون، بە هەمان شێوە هەر بە کلیتیکی جوڵانیان بەسەردا دێت و دوای کردەکەش هەر بە کارەکەوە لکاون، پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ''جوڵە دەبێت پاڵنەری هەبێت'' (عەزیز، ٢٠٢٣: ٥٢)، لە مۆرفۆسینتاکسدا بەکلیتیککردنی کەرەستەکان پاڵنەرن بۆ کردەی جوڵان و بونی شوێنپێیەک لەدوای خۆیان، ئەم بەکلیتیککردنەش هۆکارێکە بۆ ئابوریکردن لە زماندا، هەروەها لە مۆرفۆسینتاکسدا نواندنی تەواوی کەرەستەکان و جوڵانی شوێنیان بۆ سەر کرداری ڕستەکەیە، بۆ نمونە: **من گوڵەکەم چاند.**

دەبینین لێرەدا تەواوی کەرەستەکان لە شوێنی خۆیانن و هێشتا کردەی جوڵە ڕوی نەداوە، لەدوای کردەی جوڵان بەرکار دێتە سەرەتای ڕستەکە و دەکەوێتە پێش بکەر، (م)ی سەر بەرکار دەکەوێتە دوای کردارەکە، بەمەش جوڵەکە دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوەی ڕستەکە، بەم شێوەیە: **گوڵەکە من چاندم.**

جوڵانەکەمان کرد و شوێنپێیەکە، کە (م)ی سەر بەرکارەکە بو بەهۆی ئەوەی کارەکە تێپەڕە (من) هاتە شوێنی و (م)ی سەر بەرکار چوە سەر کردارەکە و بەکلیتیک بو، لە پاشان دەمانەوێت ڕستەکە بکەین بە ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی، وەک لە پێشوشدا ئاماژەمان پێکردوە مۆرفۆسینتاکس بەکلیتیککردنی کات و کەس و ژمارەیە... لەسەر کردارەکە، لێرەدا

بەهۆی کردەی (لادان) کەرەسەکان لادەبەین و لەسەر کردار جێگیر دەبن، گەر هات و کارەکە تێپەڕ بێت بکەر و بەرکار کەرەستەی بەخورتین لە ڕستەکەدا و لەسەر کردار جێگیری دەکەین، بەڵام ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بێت تەنیا بکەر کەرەستەی سەرەکییە و لەسەر کردار جێگیر دەکرێ، لەو ڕستەیەی سەرەوەدا بەهۆی ئەوەی کردارەکە تێپەڕە سەرەتا بەرکار (کەسی سێیەم- گوڵەکە) لادەبرێ و لە شێوەی مۆرفی سفر دەچێتە سەر کردارەکە و دەرناکەوێ و تەنیا ئەرکی دەبێت، ڕستەکە دەبێت بە: **(من چاندم.)**، پاشان بکەر لادەبەین و بە هەمان شێوەیە بەرکارەکە لەسەر کردارەکەی جێگیر دەکەین، ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسیی بەرهەم دێت: **(چاندم)**

لە هەندێک باردا لە زمانی کوردی لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسدا هەرچەندە جوڵان ڕوبدات دەرناکەوێت، ئەمەش زیاتر لەسەر بەرکار ڕوودەدات، لەم بارەیەوە چۆمسکی ئاماژە بەوە دەکات، کە ''جوڵانی بەرکار لە هەندێ زماندا ئاشکرایە و لە هەندێ زمانی تردا شاراوەیە'' (قادر، ٢٠١١: ٧٩)، کردەی جوڵان بە چەند قۆناغێکی سەرەکیدا دەڕوات بۆ خستنەڕوی ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی:

١. کردەی جوڵانەکە لە ئاستی ژێرەوە ڕوودەدات.
٢. کە کردەی جوڵانەکە ڕویدا دەبێ شوێنپێیەک لەدوای خۆی جێبهێڵێ، هەر وەک لە (GB) ئاماژە بەم شوێنپێیە کراوە.
٣. پاشان گۆڕانی ڕستەکە بۆ ڕستەیەکی مۆرفۆسینتاکسی. پێویست بە کردەی (لادان)ی کەرەستەکان دەکات، واتا ئەو کەرەستانەی بەکلیتیک دەکرێن لەسەر کارەکە.
٤. ڕستە مۆرفۆسینتاکسییەکە بە شوێنپێکانەوە هاتۆتە بەرهەم.

**ئەنجام:**

١-مۆرفۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا کردەیەکی چالاکە، بەڵام پێچەوانەی سینتاکس کەرەستەکانی ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگی زمانەوە وەرناگرێت، بەڵکو فۆرمێکی بچوککراوی سینتاکسە و کەرەستە پێویستییەکانی وەک: مۆرفی کات و کەرەستە کلیتیکەکانی تر لە ڕستەوە وەردەگریت، بەمەش هەنگاوەکانی دروستبونی ڕستە نابڕێت و ڕاستەوخۆ لە سینتاکسەوە بەرهەمدێت.

٢-مۆرفۆلۆژی و سینتاکس هاوبەشن لە دروستبونی ئاستی مۆفۆسینتاکس و کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکان و کردارەکان بە هاوبەشیی گۆڕانکارییەکان و کردەکانی (توانەوە، کرتاندن، گونجاندن و تێچون و...) ڕستەی مۆرفۆسینتاکس دروست دەبێت؛ هەروەها زمانی کوردی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە، کە لەڕوی جێکەوتەوە دەتوانێت گۆڕان لە شوێنی کەرەستەکان بکەین، بەمەش ئەرکە ڕێزمانییەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەها جێکەوتەکان لە هەر جۆرە فرێزێکدا بن خاوەن فۆرمی فۆنەتیکی و واتایی و سینتاکسیی تایبەتن، بەمەش جێکەوتە دەبێت بە نواندنی شوێنی کەتیگۆرییەکان، چونکە زۆرجار ئەرک و واتای ڕێزمانیی وشەکە بەپێی جێکەوتەکەی دەگۆڕێت.

٣-کردەی جوڵان بەسەر کەرەستە فەرهەنگییەکاندا دێت، ئەم کردەیە نابێت ببێتە هۆی لێڵی و گۆڕانی واتای ڕستەکان، جوڵانەکان بەدەر نین لە ئاستە سیمانتیکییەکان، ئامانجی سەرەکیی زمانیش گەیاندنی واتایە، ناکرێت بەهۆی کردەی جوڵەوە لەنگی لە دەربڕین و واتای ڕستەکان دروست بێ، بۆیە زۆر کات بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە لەنگییە لە کردەی جوڵاندا لەدوای جوڵەی کەرەستە سەرەکییەکە لە شوێنی بنەڕەتیی خۆی شوێنپێیەک جێدەهێڵێ.

٤-بەکلیتیکردنی کەرەستەکان لە مۆرفۆسینتاکسدا پاڵنەرن بۆ کردەی جوڵان و بەجێهێشتنی شوێنپێیەک لەدوای خۆیان، کە هۆکارێکە بۆ ئابوریکردنی لە زماندا.

**سەرچاوەکان:**


احمد، تریفە محسن (٢٠١٦)، چەمکی ڕێزمانێتی لە تیۆری بەرهەمهێناندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

برزۆ، ئومێد بەرزان (٢٠٢٠)، توێژینەوە زمانەوانییەکان، چاپخانەی جنگل- تاران.

برزۆ، ئومێد بەرزان (٢٠١٣)، بەراوردێکی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان لە زاری کرمانجیی ناوەڕاست و خواردودا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ. ١، فاکەڵتیی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی.

برزۆ، ئومێد بەرزان (٢٠١٠)، مۆرفۆسینتاکس و دروستەکانی لە شێوەزاری خانەقیندا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

حسەین، شیلان عومەر (٢٠١٢)، مۆرفۆسینتاکسی ئیدیەم لە زمانی کوریدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ. ٣٥، بەشی B.

حمد، یارا قادر (٢٠٠٨)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

حوسێن، سەنگەر نازم (٢٠٢٣)، چیرۆکی مینیماڵی لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

خدر، خەسرۆ حەداد، فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠٢٢)، شیکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ. ٥٣.

رسول، صلاح حوێز (٢٠١٣)، پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

ڕەشید، سەلام ڕەحیم، حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز (٢٠١٦)، دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، Vol: 1, No: 9.

سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی

عبدالله، عزیز خالد (٢٠٢٣)، هەژمونی کردار لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

عەزیز، عومەر ئەحمەد (٢٠٢٣)، تیۆری پاساودان لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی گەرمیان، کەلار.

عەلی، پێشڕەو ساڵح (٢٠١٥)، یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان لە داڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

فەتاح، محەمەد مەعروف، قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، دەزگای بڵاوکردەنەوەی بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕون، سلێمانی.

فەرەج، تریفە محەمەد (٢٠٢٤)، مۆدێلی بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی گەرمیان.

قادر، تارا موحسین (٢٠١١)، زمانی کوردی و مینیماڵ پرۆگرام، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

قادر، ئەبوبەکر عومەر (٢٠٠٣)، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لەنێوان کوردی و فارسیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

قادر، ئەبوبەکر عمر، عەبدوڵڵا، مهاباد کامیل (٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری هەورامیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە (زانستە مرۆڤایەتییەکان)، ژ. ٢٩.

کریم، دیار علی کمال (٢٠٠٢)، ڕێزمانی کوردی ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

محێدین، بازیان یونس (٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

محەمەد، بژوێن یەحیا (٢٠١٦)، نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، دەزگای موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.

میراودەلی، د. کەمال (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

مەحوی، محەمەد (٢٠١٦)، مەنامە بەستانداردکردنی زمانی کوردیی دروستنوسیین، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

مەعروف، پ. د. عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٤)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، بەرگی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

والی، د. هەژار حوسێن (٢٠٢٣)، پارامێتەر لە سینتاکس و مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا، بڵاوکراوەی ڕۆمان، سلێمانی.
Aboh, Enoch Olade (2004), The Morphosyntax of Complement-head Sequences, Published by oxford University press, new york.
Brown& miller, keith, gin (2013), the Cambridge Dictionary of linguistic, Cambridge, university press
Cowper, Elizabeth A. (1992), A CONCISE INTRODUCTION TO SYNTACTIC THEORY, The university of Chicago prees, Chicago, America.
Crystal, David (1992), An encyclopedic dictionary of Language and languages, by the Charlesworth Group, Printed in Great Britain by Hartnolls, UK.
Crystal, David (2008), a dictionary of linguistics and phonetics (sixth edition), Blackwell publishing, UK.
Embick, David (2008), Language and linguistics Compass 2/1,
Galbraith, Daniel (2023), Optimal Linking Grammar A Theory of Morphosyntax, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS, United kingdom.
Hinzelin, marc- Olivier, Natascha, pomino, remberger, eva- maria (2021), formal approaches to romance morphosyntax, linguistische arbeiten, volume 576, berlin.
P. H. MATTHEWS (2007), Oxford concise dictionary of Linguistics, 2nd edition, oxford university press.
Radford, Andrwe (1997), Syntax A minimalist indroduction, Cambridge University press.
Trask, R. L. (1993), A Dictionary of grammatical terms in linguistics, Routledge, London.
Zwart, C. Jan-Wouter (1997), morphosyntax of verb movement, KLUWER ACADEMIC PUBLISHER, BOSTON-LONDON.